# کاریگەری دادگای دادی نێودەوڵەتی لە چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین: لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی لە ژێر ڕۆشنایی بەربەستە یاسایی وسیاسیەکاندا

عباس احمد عباس [1]، پ. ی. د. ریباز رسول خدر [2]

بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا وخوێندنی ئیسلامی، زانکۆی ڕاپەرین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان-عێراق [1,2]

rebaz.khdir@uor.edu.krd [2] ,abbas.mahmoodaxa@gmail.com [1]

**نووسەری پەیوەندیکار:** عباس احمد عباس *

## پوختە

دادگای دادی نێودەوڵەتی یەکێکە لە دەزگای سەرەکیەکان لە ناو سیستەمی ڕێکخراوەیی و کارکردنی نەتەوەیەکگرتووەکاندا، دادگا وەك ئامرازێکی ئاشتیخوازانە پێناسە دەکرێت و ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت لە چارەسەرکردنی ناکۆکیە نێودەوڵەتییەکان لە جیهاندا. یەکێك لەو ناکۆکیانەی کە دادگا ڕۆڵی لە چارەسەرکردنیدا گێڕاوە ناکۆکی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینە، لە دیارترین ئەو حوکمانەش کە دادگا لە سەر پرسەکە دەریکردوون بریتین لە سێ بۆچوونی ڕاوێژکاریی لە ساڵەکانی (٢٠٠٤) و (٢٠٢٤) و (٢٠٢٥)دا، هاوکات دادگا لە ئێستادا لە پرۆسەی بینین و بڕیاردانادایە لە سەر سێ دۆسیەی پەیوەندیدار کە لە ساڵەکانی (٢٠١٨) و(٢٠٢٣) و(٢٠٢٤)دا وەریگرتوون. دادگا لە حوکمەکانیدا بەگشتی فەلەستینی وەك خاکێکی داگیرکراو ناساندووە، لەژێر ڕۆشنای یاسای نێودەوڵەتی مرۆیدا، هاوکات زۆربەی ڕێوشوێنەکانی ئیسرائیلیشیان، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندیدار بوون بە گۆڕینی دیموگرافیا لە ڕێگەی دروستکردنی کۆمەڵگەی جولەکەنشین لەسەر ئەو خاکەدا، بە نایاسایی داناوە، ئەمە سەرەڕای درێژبوونەوەی کاریگەری حوکمەکانی دادگا بۆ دانان بە قەوارەی فەلەستین وەك دەوڵەت لە لایەن بەشێکی زۆر لە دەوڵەتانی جیهان وقبوڵکردنیشی وەك دەوڵەتی چاودێر لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. لەگەڵ ئەو ڕاستیەشدا، کاریگەری حوکمەکانی دادگا لە کرداردا سنووردارن، بەهۆی نەبوونی ئامرازێکی جێبەجێکردنی تەواو کاریگەر بۆ ناچارکردنی ئیسرائیل بە پابەندبوون بە بڕیارەکانی دادگا و بوونی کۆمەڵێك بەربەستی یاسایی ڕێکاری و بابەتی و بەربەستی سیاسی، وەك سنووردارێی دەسەڵاتی دادگا لە وەرگرتن و بینینی دۆسیەکان ودژیەکی هەندێك لە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی، وەك بنەمای سەروەری و بنەمای مافی چارەی خۆنوسین و بەکارهێنانی دەسەڵاتی ڤیتۆ وپیادەکردنی سیاسەتی بەرژەوەندخوازیی و دوو پێوەری لەلایەن دەوڵەتانەوە.

**وشە کلیلییەکان:** دادگای دادی نێودەوڵەتی، ناکۆکی نێودەوڵەتی، پرسی ئیسرائیل-فەلەستین، بنەمای سەروەری و یەکیەتی خاك، مافی چارەی خۆنووسین، حوکمی دادگای دادی نێودەوڵەتی، هەژموونی سیاسی ( ڤیتۆ).

## 1.پێشەکی

ساڵی (١٩٤٥)، دادگای دادی نێودەوڵەتی وەك یەکێك لە دەزگا سەرەکیەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان دامەزرا. ئەرکی دادگا بریتی بوو، لە کارکردن وەك جێگرەوەی شەڕ، بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکیە نێودەوڵەتییەکان لە ڕێگەی بینین و بڕیاردان لەسەر دۆسیەی نێوان دەوڵەتان و هاوکات پێدانی بۆچوونی ڕاوێژکاری لەسەر پرسە یاساییەکانی جیهان (النظام الأساسي لمحكمة العدل الدولية، ١٩٤٥: المواد ١، ٣٦، ٦٥). لە ناو ئەو ناکۆکیانەی کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ماوەیەکی درێژە ئەزموونیان دەکات بریتییە لە ناکۆکی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین. دادگای دادی نێودەوڵەتی تا ئێستا چەند جارێك مامەڵەی لەگەڵ ئەم پرسەدا کردووە و حوکمەکانیشی بە گشتی بازنەی مشتومڕیان دەربارەی ڕەوایەتی کار و کردەوەکانی ئیسرائیلی لەسەر خاکی فەلەستیندا فراوان کردووە (مهران، ٢٠٢٤: ص ٤٨؛ فؤاد، ٢٠٢٤:ص ١١٧)، هاوکات کاریگەریشیان لەسەر

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12577]
- **Submission Date:** [2/7/2026], **Revised Date:** [5/7/2026], **Accepted Date:** [5/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

دانپێدانانی فەلەستین وەك دەوڵەت لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتانی جیهاندا دروستکردووە (الجمعية العامة للأمم المتحدة، ٢٠١٢، ٢٠٢٤). لەگەڵ ئەو ڕاستیەشدا، دادگا گیرۆدەی چەند بەربەستێکی یاسایی ڕێکاری و بابەتی و هاوکات چەند بەربەستێکی سیاسیە لە پیادەکردنی دەستەڵاتەکانیدا و بەهۆی ئەو بەربەستانەشەوە بە تەواوی سەرکەوتوو نەبووە لە چارەسەرکردنی کۆتای ناکۆکییەکە (النظام الأساسي لمحكمة العدل الدولية، ١٩٤٥:المادة ٣٦؛ ايوب، ٢٠١٦: ص ١١٥-١٢٨).

**2.گرنگی توێژینەوە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە دەرخستنی ڕۆڵی ئەرێنی داگای دادی نێودەوڵەتی، وەك ئامرازێکی ئاشتیانە و جێگرەوەی شەڕ دەردەکەوێت. بەگوێرەی توێژینەوەکە، دادگای ناوبراو نەك بە تەنیا کاریگەرترە لە شەڕ، بەڵکو تەنانەت لە نێوان ئامرازە ئاشتیانەکانیشدا، ڕۆڵێکی کەمتر ئەرێنی ناگێریت لە چارەسەری ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان بە گشتی و ناکۆکی ئیسرائیل و فەلەستین بە تایبەتی. گرنگییەکی تری توێژینەوەکە دەستنیشانکردنی گرنگترین بۆشاییە یاساییەکانن لە پەیڕەوی ناوخۆی دادگا و بەرجەستەکردنی کرداری دەستەڵاتەکانی دامەزراوەکەدایە، ئەمەش لە پێناو باشترکردنی شێوازی کارکردن و زیاترکردنی ڕادەی کاریگەریەکەی لە فەراهەمکردنی ئاشتی و دادپەروەری جیهانی.

**3.ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەی دەستەڵاتی دادگایە لە دەرکردنی حوکمەکانیدا بە تایبەتیش ئەو بۆچوونە ڕاوێژکاری و بڕیارانەی کە تائێستا لە دۆسیەی ئسیرائیل و فەلەستیندا دەریکردوون. هاوکات توێژینەوەکە ئامانجیەتی ڕادەی کاریگەری حوکمەکانیش لەسەر چارەسەری پرسەکە دەربخات و گرنگترین ئەو بەربەستانەش بخاتە ڕوو کە پێوستە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لایان بەرێت بۆ هەبوونی دادگایەکی شارستانی کاریگەرتر لە چارەسەرکردنی ناکۆکی نێودەوڵەتی و بە تایبەتیش بۆ کۆتایهێنان بە ناکۆکی نێوان هەردوو گەلی جولەکە و فەلەستین لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕستدا.

**4.کێشەی توێژینەوە:**

ئەگەرچی دادگای دادی نێودەوڵەتی بە بەرزترین دامەزراوەی دادوەری نێودەوڵەتی دادەنرێت کە دەسەڵاتی دەرکردنی بڕیاری پابەندکەر و بۆچوونی ڕاوێژکاری هەیە، بەڵام کاریگەری حوکمەکانی مشتومڕیان لەسەرە، بەتایبەت لەو ناکۆکیانەی کە ڕەهەندێکی سیاسی ئاڵۆزیان هەیە. لەو چوارچێوەیەدا، کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەو بەربەستانەدا دەبینێتەوە کە ڕێگرن لەبەردەم کارایی دادگا وەك ئامرازێکی بێلایەن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین.

**5.پرسیاری توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە وەڵامی پرسیارێکی سەرەکی دەداتەوە کە بریتییە لە: ئایا حوکمەکانی دادگای دادی نێودەوڵەتی تا چ ڕادەیەك کاریگەر بوونە لە یەکلاکردنەوەی ناکۆکی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین؟ هەرچەندە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە جەوهەریە، توێژەران پێویستیان بە وەڵامدانەوەی کۆمەڵێك پرسیاری لاوەکیش دەبێت لەو پرسیارانەش: چوارچێوەی یاسایی بۆ دەسەڵاتی دادگای دادی نێودەوڵەتی لە مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسیەی ئیسرائیل و فەلەستین چییە؟ دیارترین ئەو حوکمانە کامانەن کە دادگای دادی نێودەوڵەتی سەبارەت بە ناکۆکی ئیسرائیل و فەلەستین دەری کردوون و ناوەڕۆکەکەیان چییە؟ گرنگترین ئەو بەربەستانە چین کە لەبەردەم دادگای دادی نێودەوڵەتیدان لە چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا؟

**6.میتۆدی توێژینەوە:**

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو کێشەیەی کە بابەتی توێژینەوەکە دەیوروژێنێت، توێژەران پەنا دەبەنە بەر میتۆدی وەسفی-شیکاری، لە ڕێگەی ئەو میتۆدەوە هەوڵ دەدەن سروشت و پێکهاتە و بنە گشتیەکانی دادگای دادی نێودەوڵەتی بخەینەڕوو، هەروەها لایەنە یاساییەکانی ناکۆکیەکەش لەڕێگەی بنەما پەیوەندیدارەکان لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا شیکاربکەن. ئەمە جگە لە بەکارهێنانی میتۆدی مێژووی بۆ دەرخستنی پێشینەی پرسەکە و تەواوی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە سروشتی کێشەکە و پێگە و ڕۆڵی کارەکتەرەکانی ململانێکەدا ڕوویانداوە.

### 7.پێکهاتەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە سێ باسی سەرەکی پێکدێت. لە باسی یەکەمدا، توێژەران باس لە ماهیەت و پەیڕەوی ناوخۆی دادگای دادی نێودەوڵەتی دەکەن. لە باسی دووەمدا، توێژەران ئاماژە بە حوکمەکانی دادگای دادی نێودەوڵەتی دەکەن کە لە شێوەی بۆچوونی ڕاوێژکاری و بڕیاری دادوەری لە دۆسیەی ئیسرائیل و فەلەستیندا دەریکردوون. هەرچی باسی سێیەمیشە، توێژەران تەرخانیان کردووە بۆ دەرخستنی ڕاددەی کاریگەریی حوکمەکانی دادگا لە چارەسەری پرسی ئیسرائیل و فەلەستیندا و ئەو بەربەستانەش کە ڕێگرن لەبەردەم چارەسەری تەواوەتی کێشەکەدا.

### باسی یەکەم: دادگای دادی نێودەوڵەتی

دادگای دادی نێودەوڵەتی یەکێکە لە دەزگا سەرەکیەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە پێکهاتەیەکی دادوەری و سروشتێکی تایبەتی هەیە. هاوکات کارکردنی ڕێکخراوەی و دادوەریی دادگا لەسەر پەیڕەوێکی تایبەت وەستاوە کە تایبەتمەندیەکانی دادگا و ڕێساکانی جێبەجێکردن و جۆری حوکمەکانی دامەزراوەکە دیاریدەکات. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری بابەتەکە، ئەم باسە دابەش دەکەین بەسەر دوو تەوەردا. لە تەوەری یەکەمدا، ماهیەتی دادگای دادی نێودەوڵتی دەخەینەڕوو، لە تەوەری دووەمیشدا، باس لە پەیڕەوی یاسای دادگا دەکەین.

### تەوەری یەکەم: ماهیەتی دادگای دادی نێودەوڵەتی

دادگای دادی نێودەوڵەتی وەك دامەزراوەیەکی دادوەری جیهانی، مێژوویەکی تاڕادەیەك درێژی هەیە، بەڵام ڕۆڵی چالاکانەی لەگەڵ دامەزراندنی ڕێکخراوی کۆمەڵەی گەلان و نەتەوەیەکگرتووەکان دەست پێکرد ( عهد عصبة الأمم، ١٩١٩: المادة ١٤؛ میثاق الأمم المتحدة، ١٩٤٥: المواد ٩٢-٩٦). دادگا دامەزراوەیەکی کارگێری و دادوەری تایبەتە و خاوەن سروشتێکی شارستانییە (النظام الأساسي لمحكمة العدل الدولية، ١٩٤٥: المواد ١، ٣٦، ٢٢). بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم دامەزراوەیە، تەوەرەکە بەسەر سێ لقدا دابەش دەکەین. لە لقی یەکەمدا، باس لە پێشینەی مێژوویی و چۆنیەتی دروستبوونی دادگا دەکەین، لە لقی دووەمدا، باس لە پێکهاتەی کارگێری و دادوەریی دادگا دەکەین، لە لقی سێیەمیشدا، تیشك دەخەینە سەر سروشتی دادگاکە.

#### لقی یەکەم: سەرهەڵدانی دادگای دادی نێودەوڵەتی

یەکەم دامەزراوەی دادوەری شارستانی بەشێوەی فەرمی بە ناوی 'دادگای هەمیشەیی ناوبژیوانی' لەسەر بنەمای ڕێککەوتننامەی لاهای ساڵی (١٨٩٩) بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان هاتە ئاراوە (اتفاقية لاهاى (١)، ١٨٩٩: المادة ٢٠). لەگەڵ پێکهێنانی ڕێکخراوی کۆمەڵەی گەلانیشدا لە ساڵی (١٩١٩)دا، 'دادگای هەمیشەی دادی نێیودەوڵەتی' وەك دەزگایەکی سەرەکی لە پاڵ دەزگاکانی تری ڕێکخراوەکەدا دامەزرا (عهد عصبة الأمم، ١٩١٩: المادة ١٤). ئەم دادگایە لە ماوەی کارکردنیدا لە نێوان ساڵانی (١٩٢٢) و(١٩٤٠)دا، ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە چارەسەرکردنی ناکۆکیە نێودەوڵەتییەکان، بەڵام سەرهەڵدانی جەنگی جیهانی دووەم لە ساڵی (١٩٣٩) و بێتوانای کۆمەڵەی گەلان لە وەستاندنیدا، کۆتای بە ڕەوایەتی ڕێکخراوەکە هێنا. دوای وەستانی کارەکانی کۆمەڵەی گەلان، دەوڵەتان بەگشتی و زلهێزەکان بە تایبەتی بیریان لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تازە کردەوە کە هەمان بەرپرسیاریەتی کۆمەڵەی گەلان لە ئەستۆ بگرێت، بەڵام بە دەستەڵاتی کاریگەرتر، ئەوە بوو کە هەوڵەکان بە دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجامیان گرت (میثاق الأمم المتحدة، ١٩٤٥). ئەم ڕێکخراوەش لە کۆمەڵێك دەزگای سەرەکی پێك هات کە یەکێکیان دادگای دادی نێودەوڵەتی بوو و لە بەرواری (٢٦ حوزەیرانی ١٩٤٥) لەگەڵ دەزگاکانی تری ڕێکخراوەکە دامەزرا (حمید، ٢٠٢١: ص٣٠).

#### لقی دووەم: پێکهاتەی دادگای دادی نێودەوڵەتی

دادگای دادی نێودەوڵەتی ئەرکەکانی لە ڕێگەی دوو جۆر لە فەرمانبەران ڕادەپەڕێنێت. دەستەیەك لە فەرمانبەران تایبەتن بە بەڕێوەبردنی ئەرکەکارگێرییەکان (النظام الأساسي لمحكمة العدل الدولية، ١٩٤٥: المادة ٢١ (٢))، دەستەکەی تریش لە دادوەران پێکهاتوون و بەرپرسن لە جێبەجێکردنی ئەرکە دادوەریەکان (النظام الأساسي لمحكمة العدل الدولية، ١٩٤٥: المادة ٢). دەستەی دادوەران لە (١٥) ئەندام پێکدێن کە هەریەکەیان بۆ ماوەی (٩)ساڵ هەڵدەبژێردرێن وەهەر سێ ساڵ جارێکیش یەك لەسەر سێیان بە شێوەی خولی دەگۆڕدرێن (النظام الأساسي لمحكمة العدل الدولية، ١٩٤٥: المادتان ٢، ١٣). پێویستە دادوەرەکان لە نێوان ئەو کەسانەدا


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12577]
- **Submission Date:** [2/7/2026], **Revised Date:** [5/7/2026], **Accepted Date:** [5/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

هەڵبژێردرێن کە ناویان لە لیستی 'دادگای ناوبژیوانیی هەمیشەیی'دا تۆمار کراوە، تاوەکو دڵنیایی بدرێت لە خاوەنداریێتییان بۆ بروانامە وئەزموونی یاسایی پێویست. هەرچی پرۆسەی هەڵبژاردنی دادوەرەکانیشە، لە لایەن کۆمەڵەی گشتی و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە ئەنجام دەدرێت. هەر دەوڵەتێکی ئەندام مافی کاندیدکردنی چوار کەسی هەیە، بەڵام تەنها ئەو کەسانە دەبنە ئەندامی دادگاکە کە بتوانن زۆرینەی دەنگی هەردوو دەزگاکە بەدەست بهێنن (النظام الأساسي لمحكمة العدل الدولية، ١٩٤٥: المادة ٤). سەبارەت بە بەڕێوەبردنی ناوخۆیی، دادوەرەکان خۆیان لە ڕێگەی دەنگدانی زۆرینەوە، سەرۆك وجێگرێك بۆ ماوەی سێ ساڵ هەڵدەبژێرن و دوای تەواوبوونی ماوەکەشیان، دەکرێت دوبارە هەڵبژێردرێنەوە (النظام الأساسي لمحكمة العدل الدولية، ١٩٤٥: المادة ٢١).

**لقی سێیەم: سروشتی دادگای دادی نێودەوڵەتی**

لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی نوێدا، کۆمەڵێك سیستەمی دادوەری تایبەتمەند هەن، وەك دادوەری شارستانی، دادوەری تاوانکاری و دادوەری کارگێری. سەبارەت بە دادوەری شارستانی، دادگای دادی نێودەوڵەتی و دەستە ناوبژیوانیە نێودەوڵەتییەکان نوێنەرایەتی دەکەن (عبو، ٢٠١٥: ص ٦٦). دادگای دادی نێودەوڵەتی کۆمەڵێك دەسەڵاتی جەوهەری هەیە کە لە ڕێگەی حوکمەکانی پیادەیان دەکات، ئەو دەسەڵاتانەش بریتین لە قەرەبووکردنەوەی دارایی و گەڕاندنەوەی دۆخەکە بۆ باری پێشوو. بڕیاری قەرەبوکردنەوە وەك ئامرازێك بۆ پڕکردنەوەی زیانە ماددییەکان بەکاردێت، بەڵام بڕیاری دادگا بۆ گەڕاندنەوەی دۆخەکە بۆ باری پێشوو بە ئامانجی سڕینەوەی تەواوی ئەو شوێنەوارە نایاساییانە دێت کە لە ئەنجامی پێشێلکارییەکەدا دروست بوون (القاسمي، ٢٠١٨: ص ١٥٢؛ شندي، ٢٠٢١:ص ٨٤). زیاتر لەوەش، دادگا دەسەڵاتی دەرکردنی بڕیاری 'ڕازیکردن'ی هەیە بۆ ئەو زیانە مەعنەوییانەی کە بە قەرەبووکردنەوەی دارایی ناخەمڵێندرێن، وەك دانان بە هەڵە یان داوای لێبوردنی فەرمی، ئەمە وێڕای سەپاندنی پابەندیی 'وەستاندن و دووبارەنەبوونەوە' بەسەر دەوڵەتی سەرپێچیکاردا تاوەکو سەقامگیریی یاسایی لە داهاتوودا پارێزراو بێت (المجذوب، ٢٠٢٠: ص ٢٩٨).

**تەوەری دووەم: پەیڕەوی یاسایی دادگای دادی نێودەوڵەتی**

پەیڕەوی یاسایی دادگای دادی نێودەوڵەتی بەڵگەنامەی دامەزراندنی دادگایە کە پاشکۆی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانە. ئەم پەیڕەوە گرنگییەکی بەرچاوی هەیە بۆ تێگەیشتن لە دادگا، بەتایبەت لە تایبەتمەندی و سروشت و پێکهاتە و شێوازی کارکردن و حوکمەکانی دامەزراوەکە. بۆ تێگەیشتنی زیاتری لەم بابەتە، تەوەرەکەمان بە سەر دوو لقدا دابەش دەکەین. لە لقی یەکەمدا، باس لە تایبەتمەندییەکانی دادگا دەکەین، لە لقی دووەمیشدا، ڕێسا کارپێکراوەکانی دادگا دەخەینە ڕوو.

**لقی یەکەم: تایبەتمەندی دادگای دادی نێودەوڵەتی**

دادگای دادی نێودەوڵەتی، بۆ بینین و بڕیاردان لەسەر هەر دۆسیەیەك، چوار تایبەتمەندی هەیە، ئەوانیش بریتین لە تایبەتمەندی کاتی، تایبەتمەندی بابەتی، تایبەتمەندی کەسی وتایبەتمەندی جوگرافی. بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر، هەر یەك لەو تایبەتمەندیانە لە خوارەوە بە جیا دەخەینەڕوو:

**یەکەم: تایبەتمەندی کاتی:** دادگا بەشێوەیەکی گشتی کار بەبنەمای نەگەڕانەوە بۆ پێشوو دەکات و لەسەر ئەم بنەمایەش دەسەڵاتی خۆی دادەمەزرێنێت. دەسەڵاتی دادگا وەك بنەمایەکی گشتی لە (١٨ نیسانی ١٩٤٦) دەست پێدەکات، کاتێك یەکەم دانیشتنی ئاشکرای خۆی ئەنجامدا، بەڵام بەگوێرەی مادە (٣٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی دادگا، دادگا دەتوانێت ئەم دۆسیانەش ببینێت کە کاتی ڕوودانیان کەوتۆتە پێش دامەزراندنی دادگا: ١. دەوڵەتان دەتوانن ماوەیەکی دیاریکراو دیاری بکەن کە دادگا بتوانێت دەسەڵاتی دادوەری خۆی تیادا پیادەبکات، هەتا ئەگەر ئەو ماوەیە کەوتبێتە پێش دامەزراندنی دادگا. ٢. ئەو کێشانەی کە ڕوودانیان کەوتۆتە پێش دامەزراندنی دادگا، بەڵام بەردەوامییان هەبووە هەتا دامەزراندنی دادگا و دواتریش. ٣. ئەو پەیماننامانەی کە پێش ساڵی (١٩٤٥) واژۆکراون و ئاماژەیان بە دادگای دادی هەمیشەی نێودەوڵەتی کردووە وەك میکانیزمی چارەسەرکردنی ناکۆکی، دەکرێت ببرێتە بەردەم ئەم دادگایە (النظام الأساسي لمحكمة العدل الدولية، ١٩٤٥: المواد ٣٦-٣٧)

**دووەم: تایبەتمەندی بابەتی:** ئەم تایبەتمەندییە پەیوەستە بە بابەتی ئەو سکاڵایەی دەخرێتە بەردەم دادگا، بەگوێرەی مادەی (٣٦)، بڕگەی (٢) لە پەیڕەوی بنەرەتی دادگا، تایبەتمەندی دادگا لەسەر

هەموو ئەو ناكۆكیانە جێبەجێدەكرێن كە لە پەیماننامەی نەتەوە یەكگرتووەكان و پەیماننامە نێودەوڵەتیەكانی تردا هاتوون، وەك: ١. ڕاڤەكردنی پەیماننامە نێودەوڵەتیەكان ٢. هەر پرسێكی پەیوەست بە یاسای نێودەوڵەتی ٣. هەبوونی ئەو ڕاستیانەی دەبنە پێشێلكردنی پابەندییە نێودەوڵەتیەكان ٤. دیاریكردنی جۆر و بڕی ئەو قەرەبووەی لە پێشلكردنی پابەندییە نێودەوڵەتیەكان دروست دەبێت.

**سێیەم: تایبەتمەندی كەسی:** بە گوێرەی مادەی (٣٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی دادگا، تەنیا دەوڵەتان دەتوانن ببنە لایەن لە دۆسیە یاساییەكانی بەردەم دادگادا. دەوڵەتانیش بۆ ئەم مەبەستە پێویستە ئەندام بن لە ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتوەكان، چونكە هەر بە بوونیان بە ئەندام لە ڕێكخراوی ناوبراو، ڕاستەوخۆ دەبنە ئەندام لە پەیڕەوی ناوخۆی دادگا. ئەگەر دەوڵەتان ئەندامی نەتەوە یەكگرتوەكان نەبن، ئەوە پێویستە ئەندام بن لە پەیڕەوی ناوخۆی دادگا. شەیانی باسكردنە كە ئەو دەوڵەتانەش كە ئەندامی هیچ كام لە نەتەوە یەكگرتووەكان یان پەیڕەوی ناوخۆ ی دادگا نین، دەتوانن لە بەردەم دادگا داوای دادبینی بكەن بەمەرجێك پابەندی بڕیارەكانی ئەنجوومەنی ئاسایش و خەرجییەكان بن. دەبێت ئەوەش بڵێین كە ڕەزامەندی دەوڵەتان بۆ یەكلاكردنەوەی ناكۆكییەكان مەرجێكی بنەڕەتییە و دەبێت بە ئاشكرا یان بە شاراوەیی دەربڕدرێت، هاوكات دەكرێت دادبینی زۆرەملێش ئەنجامبدرێت، كاتێك دەوڵەتان خۆیان پێش سەرهەڵدانی ناكۆكی و ململانێكانیان، ڕەزامەندی لەسەر تایبەتمەندی دادوەری دادگا دەدەن (النظام الأساسي لمحكمة العدل الدولية، ١٩٤٥: المادة ٣٦).

**چوارەم: تایبەتمەندی جوگرافی:** بە شێوەیەكی گشتی، تایبەتمەندی جوگرافی دادگا هەموو ئەو هەرێمانە دەگرێتەوە كە دەكەونە ژێر سەروەریی یان دەسەڵاتی یاسایی ئەو دەوڵەتانەی لایەنی كێشەكەن، جا چ هەرێمی وشكانی، ئاوی، یان كایەی ئاسمانی بێت. زیاتر لەوەش، مەودای ئەم تایبەتمەندییە تەنیا لە سنوورە سیاسییە دانپێدانراوەكاندا كورت نابێتەوە، بەڵكو ئەو ناوچانەش دەگرێتەوە كە لەژێر دەسەڵات و سەرپەرشتی دەوڵەتدان وەك سەفارەت و نوێنەرایەتی دەوڵەتان و كەشتی وفرۆكە...هتد. (الطائي، ٢٠١٨: ص ٧٦).

**لقی دووەم: ڕێسا جێبەجێكراوەكان لە دادگای دادی نێودەوڵەتیدا**

دادگای دادی نێودەوڵەتی كۆمەڵێك ڕێسای یاسایی لە پرۆسەی دادوەریكردنی خۆیدا پەیڕەو دەكات كە دابەش دەبن بەسەر دوو كۆمەڵەدا: ڕێسا بابەتیەكان و ڕێسا ڕێكارییەكان. لە خوارەوە هەریەكەیان بە جیا دەخەینەڕوو:

**یەكەم: ڕێسا بابەتیەكان:** ڕێسا بابەتیەكان ئەو ڕێسایانەن كە لەو سەرچاوانەدا دەردەهێنرێن كە لە مادەی (٣٨)، لە پەیڕەوی ناوخۆی دادگا ئاماژە دراون. دادگا ئەو سەرچاوانە وەك بنەما بەكاردەهێنێت لە دیاریكردنی سروشتی ناكۆكیەكان و ئەندازەی پێشێلكاریەكان و سزا و قەرەبووەكان كە بریتین لە: ١.پەیماننامە نێودەوڵەتیەكان ٢. داب و نەریتی نێودەوڵەتی ٣. بنەما گشتیەكانی یاسا ٤. بڕیاری دادگاكان ٥. بۆچوونی یاساناسان. هەروەها بنەمای دادپەروەری و ویژدانیش لەگەڵ ئەو ڕێسایانەدا ئاماژە دەدرێت وەك سەرچاوەی شەشەم. شەیانی باسكردنە كە سێ سەرچاوەی یەكەم وەك سەرچاوەی سەرەكی و سەرچاوەكانی كۆتایش وەك سەرچاوەی لاوەكی پێناسە دەكرێن. لە خوارەوە بەكورتی ئاماژە بە هەریەك لە سەرچاوەكان دەكەین:

**١. سەرچاوە سەرەكیەكان:** سەرچاوە سەرەكییەكانی دادگا هەریەكە لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەكان و داب و نەریتی نێودەوڵەتی و بنەما گشتییەكانی یاسا لە خۆ دەگرن. پەیماننامە نێودەوڵەتیەكان بەڵگەنامەی نوسراون لە نێوان دەوڵەتاندا كە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، بوونەتە سەرچاوەی سەرەكی ڕێكخستنی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەكان. ئەم بەڵگەنامانە بەهۆی ڕوونی دەقەكانیان، جێگەی بنەما نەریتیەكانیان گرتوتەوە و دڵنیایی یاسایی زیاتریان بۆ دەوڵەتان لە گشت بوارە جیاوازەكاندا فەراهەم كردووە (عامر، ٢٠٠٧: ص ١٠٤). داب و نەریتی نێودەوڵەتی كۆنترین سەرچاوەی یاسایە كە لە دوو ڕەگەز پێكدێت: ڕەگەزی مادی كە خۆی لە دووبارەبوونەوەی بەردەوامی ڕەفتارێك لەلای زۆرینەی دەوڵەتاندا دەبینێتەوە، هاوكات ڕەگەزی مەعنەوی كە باوەڕبوونی دەوڵەتان بە یاساییبوونی ڕەفتارەكە و بوونی سزا لە كاتی لادان لێی دەگەیەنێت. شەیانی باسكردنە كە ئەم سەرچاوەیە پێش پەیماننامە نووسراوەكان، ڕۆڵی سەرەكی لە ڕێكخستنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكاندا بینیووە (عبو،

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12577]
- **Submission Date:** [2/7/2026], **Revised Date:** [5/7/2026], **Accepted Date:** [5/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

٢٠١٥: ص١٥٦-٢٦٢). بنەما گشتییەکانی یاسا بەپێی مادەی (٣٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی دادگا، سێیەم سەرچاوەی سەرەکی یاسای نێودەوڵەتین، بەتایبەت کاتێك کە دەقێکی ڕوونی پەیماننامەیی یان نەریتی بەردەست نییە. نموونەی دیاری ئەم بنەمایانەش: ڕێزگرتن لە سەروەری خاك، دەستدرێژی نەکردن، دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆ، یەکسانی و بەرژەوەندیی بەرامبەر و پێکەوەژیانی ئاشتییانە...هتد (الخفاجي، ٢٠١٤: ص ٤٥).

**٢. سەرچاوە لاوەکییەکان (یاریدەرەکان):** سەرچاوە لاوەکییەکانی دادگا بریتین لە هەریەکە لە بڕیاری دادگاکان و بۆچوونی یاساناسان و بنەماکانی دادپەروەری و ویژدان. مەبەست لە بڕیاری دادگاکان بڕیاری دادگا نێودەوڵەتی وناوخۆییەکانە کە وەك سەرچاوەی یارمەتیدەر بۆ دادگای دادی نێودەوڵەتی ڕۆڵ دەگێڕن، بەتایبەت کاتێك لە سەرچاوە سەرەکییەکاندا دەقێك نەبێت، پەنای بۆ ببرێت (النظام الأساسي لمحكمة العدل الدولية، ١٩٤٥: المادة ٣٨). سەبارەت بە بۆچوونی یاساناسان، ئەمانەش ڕەگەزێکی جەوهەرین لە داڕشتنی یاسای نێودەوڵەتیدا لەبەرئەوەی کە ڕێگەی گەیشتن بە بڕیاری یاسایی دروست بۆ دادگا ڕوون دەکەنەوە (عامر، ٢٠٠٧: ص ٢٠٢). لە کۆتاییشدا، بەپێی بڕگەی (٢)ی مادەی (٣٨) لە پەیڕەوی ناوخۆی دادگا، ئەگەر لایەنەکان ڕەزامەند بن، دادگا دەتوانێت پەنا بۆ بنەمای دادپەروەری و ویژدان بەرێت بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی گونجاو. ئەم بنەمایە لە بێلایەنی دادگا و پەیرەوکردنی بەها باڵا ڕەوشتییەکان، وەك ڕاستگۆیی و شکۆداری لە بڕیارداندا بەرجەستە دەبێت (القحطاني، ٢٠٢٠: ص ٨٥).

**دووەم: ڕێسا ڕێکاریەکان:** ئەو ڕێسایانەن کە پەیڕەوی ناوخۆی دادگا لە ماددەکانی (٣٩-٦٤) ئاماژەی داون و بریتین لە بەرزکردنەوەی داوا، پێشکەشکردنی بەڵگەنامەکان، دانیشتنە گشتییەکانی دادگا، گوێگرتن لە شایەتحاڵەکان، پرسیاری دادوەران لە لایەنەکان، ڕاوێژی دادوەران لە نێوان خۆیاندا، دەرکردنی بڕیاری کۆتایی، مافی پێداچوونەوە بە بڕیار، جێبەجێکردنی بڕیار (عبو، ٢٠٠٥: ص٢٢٠-٢٨٠). شایانی ئاماژەدانە کە جگە لە دۆسیە ناکۆکییەکان، دادگا بۆچوونی ڕاوێژکاریش پێشکەش بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، بە تایبەت بە دەزگاکانی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکات. ڕێکارەکانی دەرکردنی ئەم بۆچوونانە لە ڕووی دانیشتن، لێکۆڵینەوە و گفتوگۆکانەوە، تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی پرۆسەی بڕیاردانن لەو دۆسییانەی کە لە نێوان دەوڵەتاندا لە دادگادا بەڕێوەدەچن (النظام الأساسي لمحكمة العدل الدولية، ١٩٤٥: المواد ٦٥-٦٨).

**لقی سێیەم: حوکمەکانی دادگای دادی نێودەوڵەتی**

دادگا دوو جۆر حوکم دەردەکات کە ئەوانیش بڕیار وبۆچوونی ڕاوێژکارین. هەرچی بڕیارە، دادگا لەسەر دۆسیەی ناکۆکی نێوان دەوڵەتان دەری دەکات، هەرچی بۆچوونی ڕاوێژکاریشە، پەیوەندیدار بە پرسە یاساییە جیهانییەکان دەریاندەکات. لە خوارەوە ئاماژە بە هەردوو جۆری حوکمەکان دەدەین:

**یەکەم: بڕیارە دادوەرییەکان:** بڕیارە دادوەرییەکان گوزارشت لە پیادەکردنی دەسەڵاتی بابەتی دادگا دەکەن لە یەکلاییکردنەوەی ناکۆکی نێوان دەوڵەتان، کە لەسەر بنەمای 'ڕەزامەندیی پێشوەختەی لایەنەکان' وەك مەرجێکی بنەڕەتی بۆ کاراکردنی دەسەڵاتی دادوەری دادگا وەستاوە (النظام الأساسي لمحكمة العدل الدولية، ١٩٤٥: المادة ٣٦). ئەم بڕیارانە بەپێی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان خاوەن هێزێکی یاسایی کۆتایی و پابەندکەرن (ميثاق الأمم المتحدة، ١٩٤٥: المادة ٩٤). دادگا بڕیارەکانی بە زۆرینەی سادەی دەنگی دادوەران دەردەکات (بە مەرجی ئامادەبوونی لانی کەم ٩ دادوەر) و لە کاتی یەکسانبوونی دەنگەکانیشدا، دەنگی سەرۆکی دادگا یەکلاکەرەوە دەبێت (النظام الأساسي لمحكمة العدل الدولية، ١٩٤٥: المادة ٥٥). پرۆسەی دەرچوونی بڕیار بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، وەك: پێشکەشکردنی بڕیاری نووسراو، گفتوگۆی نێوان دادوەران و داڕشتنی کۆتایی بڕیار. ئەگەرچی، وەك لە پێشەوە ئاماژەماندا، بڕیارەکانی دادگا تایبەتمەندی پابەندکاریان هەیە، بەڵام ئەرکی سەرپەرشتیکردنی جێبەجێکردنیان بە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی سپێردراوە (ميثاق الأمم المتحدة، ١٩٤٥: المادة ٩٤).

**دووەم: بۆچوونە ڕاوێژکارییەکان:** ئەم ئەرکەی دادگا بەپێی ماددەی (٦٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی دادگا، لە سەر داوای دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، لە ڕێگەی دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە تایبەتیش کۆمەڵەی گشتی وئەنجومەنی ئاسایش ئەنجام دەدرێت، کە خۆی لە وەڵامدانەوەی پرسیار و ڕونکردنەوەدا دەبینێتەوە پەیوەندیدار بە پرس و ئاڵۆزیە یاساییەکانی جیهان. شایانی

ئاماژەدانە کە بۆچوونی ڕاوێژکاری بە هەمان شێوە و میکانیزمی بابەتی و ڕێکاریی بڕیارەکانی دادگا دەردەکرێن. جیاوازیی بنچینەیی لە نێوان بۆچوونە ڕاوێژکارییەکان وبڕیارە دادوەرییەکانی دادگا ئەوەیە کە بۆچوونەکانی دادگا تایبەتمەندی پابەندکاری ڕاستەوخۆیان نییە، بەڵکو وەك سەرچاوەیەکی ڕەوشتی و ڕونکردنەوەی باڵای یاسایی تەماشا دەکرێن، بۆ یەکخستنی ڕوانگە نێودەوڵەتییەکان و پەرەپێدانی یاسای نێودەوڵەتی (المالكي، ٢٠١٢: ص١٠٥؛ عامر، ٢٠٠٥: ص٧٦٤).

**باسی دووەم: بۆچوونە ڕاوێژکاری و دۆسیەکانی پەیوەست بە ناکۆکی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین لە دادگای دادی نێودەڵەتیدا**

لە مێژووی ناکۆکی نێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا، دادگای دادی نێودەوڵەتی چەند جارێك ئەرکداربووە بە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسەکە و هاوکات حوکمی خۆیشی تیادا دەرکردووە. لە دەرکردنی حوکمدا، دادگا هەردوو دەستەڵاتەکەی خۆی پیادە کردووە کە دەرکردنی بڕیاری پابەندکار و بۆچوونی ڕاوێژکاری بوونە. لە بەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیەدا، هەوڵ دەدەین کە ئەو باسە تەرخان بکەین بۆ دوو تەوەر. لە تەوەری یەکەمدا، گرنگترین بۆچوونە ڕاوێژکارییەکانی دادگا دەخەینە ڕوو، لە تەوەری دووەمیشدا، ئەو بڕیارانە تاوتوێ دەکەین کە دادگا تا ئێستا لەسەر پرسەکە دەریکردوون.

**تەوەری یەکەم: بۆچوونە ڕاوێژکارییەکانی دادگا لەسەر پرسی ئیسرائیل و فەلەستین**

دادگای دادی نێودەوەتی تا ئێستا سێ بۆچوونی ڕاوێژکاری لەسەر پرسی ئیسرائیل-فەلەستین دەرکردووە کە بریتین لە کاریگەریە یاساییەکانی دروستکردنی دیوارێك لەسەر خاکی فەڵەستینی داگیرکراودا (٢٠٠٤) و دەرئەنجامە یاساییەکانی دروستبوو بەهۆی سیاسەت وکردەوەکانی ئیسرائیل لەسەر خاکی داگیرکراوی فەلەستیندا، لە ناویشیاندا قودسی ڕۆژهەڵات (٢٠٢٤)، هەروەها بەرپرسیاریەتی ئیسرائیل پەیوەندیدار بە دەزگاکانی نەتەوەیەکگرتووەکان (٢٠٢٥). لە دووتوێی ئەم تەوەرەدا هەوڵدەدەین کە ئەو بۆچوونە ڕاوێژکارییانە لە سێ لقی تایبەتدا بخەینەڕوو.

**لقی یەکەم: کاریگەریە یاساییەکانی دروستکردنی دیوارێك لە خاکی فەڵەستینی داگیرکراودا (٢٠٠٤)**

بۆچوونی ڕاوێژکاری لەسەر دیواری جیاکەرەوە لە خاکی فەلەستینی داگیرکراودا لە ساڵی (٢٠٠٤)دا کاریگەرییەکی گەورەی دروستکرد لەسەر پێگەی فەلەستینیەکان و هاوکات پێکهێنانی قەوارەکەشیان لەسەر خاکی فەلەستیندا، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، هەوڵدەدەین کە بۆچوونە ڕاوێژکارییەکە لە ڕێگەی پێشینەی مێژوویی، ناوەڕۆکی بۆچوونەکە و کاریگەری حوکمەکە باس بکەین.

**یەکەم: پێشینەی مێژوویی بۆچونە ڕاوێژکارییەکەی دادگا**

پرۆسەی دروستکردنی دیواری جیاکەرەوە لە (تەمموزی ساڵی ٢٠٠٢)دا و لە سەردەمی حکومەتەکەی ئێریەڵ شارۆندا، وەك وەڵامێك بۆ ڕووداوەکانی ڕاپەڕینی دووەمی گەلی فەلەستین، دەستی پێکرد. ئیسرائیل بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئەو دیوارەی دروستی دەکات بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوخۆیی وڕێگریکردنە لە هێرشی گرووپە نەیارەکان بۆسەر دەوڵەتەکەی، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم دیوارە زیاتر بوو لە پەرژێنێکی ئاسایشی و پلانێکی بەرنامەرێژکراو بوو بۆ چوونە ناو کەناری ڕۆژئاوا بە قوڵایی چەندین کیلۆمەتر (Amnesty International: 2004). دوای دروستکردنی دیوارەکەش، ئیسرائیل ڕووبەرێکی فراوانی لە زەوییە کشتوکاڵییەکان و سەرچاوە ئاوییەکانی خاکی فەلەستین دابڕی، کە سەرئەنجام وایکرد نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێگەی ڕاپۆرتە مەیدانییەکانی بڕیاردەری تایبەتەوە هۆشداری بدات لەوەی کە کردەوەکە دەبێتە هۆی گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەکە ودروستکردنی ڕاستییەکی جوگرافی نوێ کە لە داهاتوودا گەمارۆی شار و گوندە فەلەستینییەکان دەدات(Amnesty International: 2004). دوای ئەوەی ئیسرائیل هەموو بڕیارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانی بۆ ڕاگرتنی پرۆژەکە پشتگوێ خست، بەتایبەت بڕیاری ژمارە (١٠/١٣) کە لە (٢١ تشرینی یەکەم ٢٠٠٣)دا دەرچوو بوو، کۆمەڵەی گشتی بە بڕیارنامەی ژمارە (١٠/١٤)، دەرچوو لە بەرواری (٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٣)دا، داوای لە دادگای دادی نێودەوڵەتی کرد کە بۆچوونی ڕاوێژکاری خۆی بدات لەسەر دەرئەنجامەکانی دروستکردنی دیوارەکە (الجمعية العامة للأمم المتحدة، ٢٠٠٣).

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12577]
- **Submission Date:** [2/7/2026], **Revised Date:** [5/7/2026], **Accepted Date:** [5/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

**دووەم: پوختەی بۆچوونە ڕاوێژکاریەکەی دادگا**

دادگا بۆچوونەکەی لە (٩ تموزی ٢٠٠٤)دا دەرکرد وتیایدا بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند کە دروستکردنی دیوارەکە لەناو خاکی داگیرکراوی کەناری ڕۆژئاوا و قودسی ڕۆژهەڵاتدا، پێشێلکردنی ئاشکرای یاسای نێودەوڵەتی و بنەمای نایاسایی بوونی دەستبەسەرداگرتنی خاکە بە زەبری هێز، چونکە ئەم کارە دەبێتە هۆی لکاندنی کردارییی خاکی گەلێکی تر بە سنوری دەوڵەتێکی ترەوە (محكمة العدل الدولية، ٢٠٠٤: الفقرة ١٢١). بە واتایەکی تر، مافی بەرگری ڕەوا لە چوارچێوەی ماددەی (٥١)ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، تەنیا لە حاڵەتی هێرشی دەوڵەتێکی تردا دەبەخشرێت، نەك لە پرۆسەی داگیرکاری خاکی گەلان و وڵاتانی تردا (محكمة العدل الدولية، ٢٠٠٤: الفقرة ١٤٢). سەرباری ئەوەش دادگا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دروستکردنی دیوارەکە بووەتە هۆی پێشێلکردنی کۆمەڵێك مافی بنەڕەتی مرۆڤ کە لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان تایبەت بە مافەکانی مرۆڤدا دەستەبەرکراون، لەوانە مافی ئازادی هاتوچۆ، مافی کارکردن و مافی گەیشتن بە خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی و پەروەردە. شایانی ئاماژەدانە کە دادگا ئاماژەی بەوەش کرد کە دەوڵەتی ئیسرائیل وەك 'هێزی داگیرکەر' پابەندە بە جێبەجێکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچە داگیرکراوەکاندا، بۆیە دروستکردنی دیوارەکە بەم شێوەیەی ئێستا، هیچ پاساوێکی یاسایی نییە و تەنیا دەبێتە هۆی تێکدانی دیمۆگرافیا و ژیان و گوزەرانی گەلی فەلەستین و جیاکردنەوەی خێزانەکان لە یەکتر (محكمة العدل الدولية، ٢٠٠٤: الفقرة ١٣٤).

**سێیەم: کاریگەری بۆچوونە ڕوێژکاریەکەی دادگا**

یەکێك لە مەترسیدارترین دەرئەنجامەکانی ئەم دیوارە، وەك دادگا ئاماژەی پێدا، بریتی بوو لە ڕێگریکردن لە پیادەکردنی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی فەلەستین، چونکە دیوارەکە بە کرداری دەبوو بە هۆی لکاندنی بەشێك لە خاکی فەلەستین بە دەوڵەتی ئیسرائیلەوە و هاوکات گۆڕینی سنوورەکانی داهاتوو و ڕێگریکردن لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری لە داهاتوودا، هەر بۆیە دادگا لە بۆچوونە ڕاوێژکارییەکەیدا کۆمەڵێك پابەندیی توندی خستە سەر شانی ئیسرائیل، کە گرنگترینیان بریتی بوون لە وەستاندنی دەستبەجێی هەموو کارەکانی تایبەت بە دروستکردنی دیوارەکە و تێکدانی ئەو بەشانەی کە پێشتر لە ناو خاکی دەست بەسەرداگیراوی فەلەستیندا دروستی کردبوون و گەڕاندنەوەی دۆخەکە بۆ پێش ساڵی (٢٠٠٢) (محكمة العدل الدولية، ٢٠٠٤: الفقرة ١٦٣). هەروەها دادگا لە بۆچوونەکەیدا زۆر بەڕاشکاوی ئاماژەی بەوەدا کە ئیسرائیل پابەندە بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایانەی بۆ دەستبەسەرداگرتنی زەوییەکان دەریکرد بوون. هەر بە پێی بۆچوونەکە، ئیسرائیل دەبوو قەرەبووی هەموو ئەو کەسانە بکاتەوە کە بەهۆی کردەوەکانییەوە زیانیان بەرکەوتووە، هاوکات دەوڵەتانیش نابێت دان بەو دۆخە نایاساییەدا بنێن و هیچ جۆرە هاوکارییەك پێشکەش بە ئیسرائیل بکەن کە ببێتە هۆی بەردەوامبوونی دروستکردنی دیوارەکە. دادگا لە کۆتایدا داواشی لە کۆمەڵەی گشتی وئەنجومەنی ئاسایش کرد کە هەنگاوی کرداری بنێن بۆ گەرەنتی جێبەجێکردنی ڕێسا یاسا پەیوەندیدارەکان (محكمة العدل الدولية، ٢٠٠٤: الفقرة ١٦٣).

**لقی دووەم: لێکەوتە یاساییەکانی دروست بوو بەهۆی سیاسەت و کردەوەکانی ئیسرائیل لەسەر خاکی داگیرکراوی فەلەستین، لە ناویشیاندا لە قودسی ڕۆژهەڵات (٢٠٢٤)**

دۆسیەی قودسی ڕۆژهەڵات یەکێکی ترە لە دۆسیە گرنگەکان کە لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕەوانەی دادگای دادی نێودەوڵەتی کراوە بۆ وەرگرتنی بۆچوونی ڕاوێژکاری لەسەری. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، هەوڵدەدەین هاوشێوەی لقەکەی پێشوو، پێشینەی بۆچوونە ڕاوێژکاریەکە، ناوەرۆکی بۆچوونە ڕوێژکاریەکە و کاریگەری بۆچوونە ڕاوێژکاریەکە بخەینەڕوو.

**یەکەم: پێشینەی مێژوویی بۆچوونە ڕاوێژکارییەکەی دادگا**

ئەم پرسەش بە یەکێك لە پرسە ئاڵۆزەکان دادەنرێت کە کۆمەڵەی گشتی ڕەوانەی دادگای دادی نێودەوڵەتی کردووە بۆ وەرگرتنی بۆچونی ڕاوێژکاری، ئەمەش لەبەرئەوەی یەکەم جار بوو کۆمەڵەی گشتی داوا لە دادگا بکات کە لە دەربرینی بۆچوونە ڕاوێژکاریەکەیدا، تیشك بخاتە سەر سروشتی داگیرکاریی ئیسرائیل (الجمعية العامة للأمم المتحدة، 2022). ئەم پرۆسەیە لە (٣٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢)دا دەستی پێکرد، کاتێك کۆمەڵەی گشتی بریارنامەی ژمارە (247/77)ی دەرکرد و تێیدا بە فەرمی داوای لە دادگا کرد بۆچوونی ڕاوێژکاریی خۆی بدات لەسەر ئەو دەرئەنجامە یاساییانەی کە لە

پێشێلکارییە بەردەوامەکانی ئیسرائیل بەرامبەر بە مافی چارەی خۆنووسینی گەلی فەلەستین دەکەونەوە (الجمعية العامة للأمم المتحدة، 2022). دادگا لە (١٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣) دۆسیەکەی تۆمار کرد ودەستی کرد بە وەرگرتنی یاداشتە نووسراوەکان.

**دووەم: پوختەی ناوەرۆکی بۆچوونە راوێژکاریەکەی دادگا**

دادگا بۆچونکەی لە (١٩ تموزی ٢٠٢٤)دا دەرکرد و تیایدا بە راشکاوی رایگەیاند کە بوونی ئیسرائیل لەسەر خاکە فەلەستینیە داگیرکراوەکانی ساڵی (١٩٦٧)، کەناری رۆژاوا، غەززە و قودسی رۆژهەڵات بە تەواوی 'ناياسايیە' و هیچ رەوایەتییەکی نییە (محكمة العدل الدولية، ١٩ تموزی ٢٠٢٤: الفقرة ٢٦٧). دادگا لە شیکردنەوەیەکی وردا ئاماژەی بەوە کرد کە ئیسرائیل دەسەڵاتی خۆی خراپ بەکارهێناوە لە لکاندنی خاکی فەلەستین بە خاکی خۆیەوە و دروستکردنی کۆمەڵگای نیشتەجێبوونی جولەکەکان لەسەری، چونکە ئەمە پێشێلکردنی رێککەوتننامەی جنیڤەی چوارەمە (محكمة العدل الدولية، ١٩ تموزی ٢٠٢٤: الفقرات ١١٣-١١٩). گرنگترین خاڵی حوکمەکە ئەوە بوو کە دادگا کردەوەکانی ئیسرائیلی وەك 'جیاکاریی رەگەزی' پۆلین کرد، بە پشتبەستن بەوەی کە ئیسرائیل لە دروستکردنی کۆمەڵگای نیشتەجێبوونەکان لە نێوان جوولەکەکان و هاوڵاتیانی فەلەستینی دوو سیستەمی یاسایی جیاوازی پەیرەو کردووە (محكمة العدل الدولية، ١٩ تموز ٢٠٢٤: الفقرات ٢٢٣-٢٢٩). هەروەها دادگا جەختی لەوە کردوە کە خاکی فەلەستین 'خاکی جێناکۆك' نییە، بەڵکو قودسی رۆژهەڵات بەشێکی دانەبراوە لە خاکی داگیرکراو و دەبێت ئیسرائیل بەبێ مەرج لێی بکشێتەوە (محكمة العدل الدولية، ١٩ تموز ٢٠٢٤: الفقرات ٧٨، ٢٦٣).

**سێیەم: کاریگەری بۆچوونە راوێژکاریەکەی دادگا**

ئەم بۆچوونە راوێژکارییە ئیسرائیلی خستە گۆشەگیرییەکی مێژووییەوە، چونکە دادگا بڕیاریدا کە دەبێت ئیسرائیل پابەند بێت بەوەی دەستبەجێ کۆتایی بە داگیرکارییەکە بهێنێت و هەموو کۆمەڵگا نیشتەجێبووە جولەکەکان لە خاکە داگیرکراوەکان چۆڵ بکات (محكمة العدل الدولية، ١٩ تموز ٢٠٢٤: الفقرة ٢٨٥ (٣) (٤)). هەروەها دادگا جەختی کردوەوە کە ئیسرائیل دەبێت قەرەبووی هەموو ئەو زیانە مادی و واتاییانەش بکاتەوە کە لە ساڵی (١٩٦٧)ەوە بەر گەلی فەلەستین کەوتوون، لەوانە گەڕاندنەوەی زەوییە زەوتکراوەکان و ماڵ و داراییەکانیان (محكمة العدل الدولية، ١٩ تموز ٢٠٢٤: الفقرة ٢٨٥ (٦)). لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا، بڕیارەکە ئەرکێکی قورسی خستە ئەستۆی هەموو دەوڵەتانی جیهان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، بەجۆرێك کە 'نابێت دان بەو دۆخە نایاساییەدا بنێت' کە بەهۆی کردەوەکانی ئیسرائیلەوە دروست بووە، هاوکات نابێت هیچ جۆرە هاوکارییەك پێشکەش بە ئیسرائیل بکەن کە ببێتە هۆی بەهێزکردنی داگیرکاری (محكمة العدل الدولية، ١٩ تموز ٢٠٢٤: الفقرة ٢٨٥ (٧)). ئەم بڕیارە رێگەی بۆ کۆمەڵەی گشتی خۆشکرد کە بڕیارنامەیەکی تر دەربکات بە ژمارە (١٠/٢٤) لە بەرواری (١٨ ئەیلولی ٢٠٢٤) و داوا بکات لە ماوەی (١٢) مانگدا ئیسرائیل لە خاکە داگیرکراوەکان بکشێتەوە. بۆچوونەکە لەلایەکی ترەوە وایکرد فەلەستین وەك دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی زەوتکراو لە لایەن زۆرینەی دەوڵەتانەوە بناسرێت و فشارەکانیش لەسەر ئیسرائیل بگەنە لوتکە.

**لقی سێیەم: بەرپرسیارێتی ئیسرائیل تایبەت بە هەبوون و چالاکی نەتەوەیەکگرتووەکان، رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تر و دەوڵەتانی سێیەم لە یان پەیوەندیدار بە خاکی داگیرکراوی فەلەستین (٢٠٢٥)**

ئەم بۆچوونە راوێژکارییە دوایین بۆچوونی راوێژکارییە کە دادگای دادی نێودەوڵەتی دەریکردبێت تایبەت بە فەلەستین. بۆچوونەکە تایبەتە بە کارکردنی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە دیاریکراویش ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ فریاگوزاری و کارکردنی پەنابەرانی فەلەستینی (ئونروا). لە خوارەوە و لە دوو توێی سێ خاڵدا، بۆچوونەکە دەخەینە بەر باس.

**یەکەم: پێشینەی مێژوویی بۆچوونە راوێژکارییەکەی دادگا**

دوای رووداوەکانی (٧ تشرینی یەکەم ٢٠٢٣) وئۆپەراسیۆنی سەربازی ئیسرائیل لە کەرتی غەززە، بارودۆخی مرۆیی لەو شارە بەرەو کارەسات رۆیشت لە روودانی وێرانکاری بەرفراوان، ئاوارەبوونی هاوڵاتیانی مەدەنی و کەمی خۆراك و ئاو ودەرمان، ئەمەش وایکرد کە خەڵك زۆر پێویستیان بە کۆمەکی مرۆیی بێت (Human Rights Watch, 2023; Amnesty International, 2023). ئۆنروا کە ئاژانسێکی نەتەوەیەکگرتووەکان بوو بۆ هاوکاری مرۆیی خەڵکی فەلەستین هەر

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Website**https://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12577]
- **Submission Date:** [2/7/2026], **Revised Date:** [5/7/2026], **Accepted Date:** [5/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

له ساڵی (١٩٤٩)ەوە، بوو بە ناوەندی سەرەکی گەیاندن و دابەشکردنی هاوکارییەکانی خەڵك لە غەززە (الجمعية العامة للأمم المتحدة، ١٩٤٩). بەهۆی ڕۆڵە گرنگەکەی، ئیسرائیل کارەکانی ئاژانسەکەی سنوردار کرد، تەنانەت لە هەندێك شوێندا قەدەغەشی کرد، بە پاساوی ئەوەی کە هەندێك لە کارمەندەکانی بەشداری یان هاوکاری هێرشەکانی حەماسیان لە دژی ئیسرائیل کردووە (UNRWA, 2024). دەرئەنجام، هەندێك دەوڵەت هاوکارییەکانیان بۆ ڕێکخراوەکە ڕاگرت، بۆیە کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان، بە بڕیارنامەی ژمارە (٧٩/٢٣٢) لە بەرواری (١٠کانونی یەکەم ٢٠٢٤)، داوای بۆچوونی ڕاوێژکاری دادگای دادی نێودەوڵەتی کرد تایبەت بە بەرپرسیارێتی ئیسرائیل بەرامبەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان وڕێکخراوەکانی تر ودەوڵەتانی سێیەم لەسەر خاکی فەلەستیندا.

**دووەم: پوختەی ناوەرۆکی بۆچوونە ڕاوێژکاریەکەی دادگا**

دادگا بۆچوونەکەی خۆی لە (٢٢ تشرینی یەکەم ٢٠٢٥) دا دەرکردو تیایدا ئەوەی خستەڕوو کە ئیسرائیل بەپرسیاریەتی یاسایی لەسەر شانە بەپێی دەستوری نەتەوەیەکگرتوەکان، یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی، یاسای نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ و جیاوك و پارێزبەندییەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ڕێگەدان و ئاسانکاری بۆ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئاژانسی ئونروا و ڕێکخراوە مرۆییەکانی تر (محكمة العدل الدولية، 202٥: الفقرات ١٢٧-١٢٥). بۆچوونەکە ئەوەشی لەخۆ گرت کە خەڵکی غەززە مافی وەرگرتنی هاوکاری مرۆیی هەیە لە خۆراك و ئاو و دەرمان (محكمة العدل الدولية، 202٥: الفقرات ١٣٣-١٢٨). لە کۆتایشدا، دادگا دانی بە پێگەی ئونروا دانا و ئاژانسەکەی وەك دەزگایەکی بنچینەیی و یاسایی پێناسەکرد، کە کارەکانی بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی ئەنجام دەدات وهەر سنوردارکردنێك بۆ کارەکانی سەردەکێشێت بۆ پێشێلکاری بەرپرسیارێتی ئیسرائیل (محكمة العدل الدولية، 202٥: الفقرات ٢١٦-١٦٣).

**سێیەم: کاریگەری بۆچوونە ڕاوێژکاریەکەی دادگا**

گرنگی ئەم بۆچوونە ڕاوێژکارییە لەوەدابوو کە پاراستنی یاسایی بۆ ئاژانسە مرۆییەکان بەهێزتر کرد، هاوکات بەرپرسیارێتی ئیسرائیلیشی لەبەرامبەر نەتەوەیەکگرتووەکان ڕونکردەوە لە خاکی فەلەستیندا، زیاتر لەوەش پاراستنی هاوڵاتیانی مەدەنی فەلەستینی لە کاتی شەڕدا بەهێزتر کرد و ڕۆڵ و پێگەی نێودەوڵەتی ئاژانسی ئونرواشی پشتڕاستکردەوە (محكمة العدل الدولية، 202٥: الفقرة ٢٢٣). شایانی ئاماژەدانە کە ئەم بۆچوونە فشاری نێودەوڵەتی لەسەر ئیسرائیل زیاتر کرد و کاریگەری کردە سەر سیاسەتی هاوکاری مرۆیی بە ئاراستەی داننانەوە وگێڕانەوەی هاوکارییەکانی دەوڵەتان بۆ ئونروا(Geddie and Takemoto, 2024 ). لە کۆتایدا دەبێت ئەوەش بڵێین کە بۆچوونەکە کۆمەکی بە پێشکەوتنی یاسای نێودەوڵەتی کرد و هاوکاری سمبوڵی و سیاسیشی بەخشی لە ڕێگەی داننان بە ڕۆڵی ناوەندیەتی نەتەوەیەکگرتووەکان.

**تەوەری دووەم: دۆسیەکانی تایبەت بە پرسی ئیسرائیل و فەلەستین لەبەردەم دادگادا**

دادگای دادی نێودەوڵەتی تا ئێستا چەند دۆسیەیەکی تایبەتیشی بە پرسی ئیسرائیل و فەلەستین وەرگرتووە. لە گرنگترین ئەو دۆسیانەش بریتین لە دۆسیەی فەلەستین لە دژی ئەمریکا (٢٠١٨)، دۆسیەی ئەفریقای باشور لە دژی ئسیرائیل (٢٠٢٣)، دۆسیەی نیکاراگوا لە دژی ئەڵمانیا (٢٠٢٤). بۆ رونکردنەوەی زیاتر، بەهەمان شێوازی بۆچوونە ڕاوێژکارییەکان، لە ڕێگەی پێشینەی مێژووی و ناوەرۆکی بڕیارەکان و کاریگەری بڕیارەکانی دادگا، تاوتوێی دۆسییەکان لە سێ لقی جیاوازدا دەکەین.

**لقی یەکەم: دۆسیەی فەلەستین دژی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (٢٠١٨)**

ئەم دۆسیەیە بەیەکێك لە دۆسیە هەرە گرنگەکان دادەنرێت لە پرسی ئیسرائیل وفەلەستیندا، چونکە لەم دۆسیەیەدا فەلەستین ڕاستەخۆ لەبەردەم داداگای دادی نێودەوڵەتی سکاڵای یاسایی لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تۆمارکرد. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری بابەتەکە، لەم خاڵانەی خوارەوەدا دۆسیەکە دەخەینەڕوو.

**یەکەم: پێشینەی مێژوویی دۆسیەکە**

ئەم ململانێ یاساییە لە بەرواری (٢٨ ئەیلولی ٢٠١٨)دا دەستی پێکرد، کاتێك دەوڵەتی فەلەستین سکاڵایەکی فەرمی پێشکەش بە دادگای دادی نێودەوڵەتی کرد لە دژی بڕیارەکەی ئیدارەی ئەمریکا بۆ ناساندنی قودس وەك پایتەختی ئیسرائیل و گواستنەوەی باڵیۆزخانەکەی بۆ ئەو شارە. فەلەستین لەم هەنگاوەیدا پشتی بەست

بە پرۆتۆکۆڵی ئارەزوومەندانەی پەیماننامەی ڤیەننا بۆ پەیوەندییە دیبلۆماسییەکان (١٩٦١) (محكمة العدل الدولية، ٢٠١٨: الفقرات ٢-١٧)، چونکە هەردووکیان ئەندامی پرۆتۆکۆڵەکە بوون و بەگوێرەی پرۆتۆکۆڵەکەش دەبێت ئەندامان کێشە دیبلۆماسیەکانیان، کە لەسەر لێکدانەوە و جێبەجێکردنی دەقەکانی دروست دەبن، ببەنە بەردەم دادگای دادی نێودەوڵەتی. بنەمای سەرەکی سکاڵاکە ئەوە بوو، کە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، قودسی ڕۆژهەڵات خاکێکی داگیرکراوە و ناتوانرێت نێردەی دیبلۆماسی وڵاتانی تری تێدا جێگیر بکرێت بەبێ ڕەزامەندی خاوەنە ڕەسەنەکەی (محكمة العدل الدولية، ٢٠١٨: الفقرات ٢-١٧).

**دووەم: پوختەی ناوەڕۆکی بڕیارەکەی دادگا**

هەر لە قۆناغی سەرەتایی دادگایی کردنەکەدا، دۆسیەکە ڕووبەڕووی بەربەستێکی ڕێکاری بوویەوە کە بریتی بوو لە تانەدانی ئەمریکا لە دەسەڵاتی دادگا لە بینینی دۆسیەکە، چونکە ئەمریکا دانی بە دەوڵەتی فەلەستیندا نەناوە، بۆیە لە پارێزنامەی ئەمریکادا، فەلەستین دەوڵەت نییە و ناتوانێت لەبەردەم دادگا سکاڵا تۆمار بکات، بەڵام فەلەستین بەڵگەی تەواوی پێشکەش کرد کە هەردوو لایەن ئەندامی پرۆتۆکۆڵی زیادکراون بۆ پەیماننامەی ڤیەننان پەیوەندیدار بە پەیوەندییە دیبلۆماسییەکان (١٩٦١) وبەگوێرەی پرۆتۆکۆڵی ناوبراویش، لەبارودۆخی سەرهەڵدانی کێشە و ناکۆکی دیبلۆماسیدا دەبێت لایەنەکان بگەڕێنەوە بۆ دادگای دادی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی (محكمة العدل الدولية، ٢٠١٨: الفقرات ٨-١٢). لەسەر ئەو بنەمایە، فەلەستین بانگەشەی کرد کە دادگا دەبێت دۆسیەکە وەربگرێت وبڕیار بدات، تەنانەت ئەگەر ئەمریکاش ڕەزامەند نەبێت. دادگا لە نێوان ساڵانی (٢٠١٩) و (٢٠٢١)دا چەند بڕیارێکی ڕێکاری دەرکرد و داوای لە هەردوولا کرد یاداشت وبەڵگەنامە یاساییەکانیان پێشکەش بکەن بە مەبەستی دادبینی کردن. بە واتایەکی تر، دادگای ناوبراو بانگەشەی ئەمریکای ڕەتکردەوە ودۆسیەکەشی قبوڵکرد (محكمة العدل الدولية، ٢٠١٨: الفقرات ٨-١٢). لە کۆتاییدا دەبێت ئەوەش بڵێین کە دۆسیەکە هەتا ئێستا لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدایە و بڕیاری کۆتای تیادا نەدراوە.

**سێیەم: کاریگەری بڕیارەکەی دادگا**

کاریگەری ئەم دۆسیەیە لە ئاستی جیهانیدا زۆر فراوان بوو، چونکە توانی ڕێگری بکات لەوەی وڵاتانی تریش چاو لە ئەمریکا بکەن و باڵیۆزخانەکانیان ببەنە قودس (فوزی، ٢٠٢٥: ص ٢٦٧). ئەم دۆسیەیە بووە هۆی ئەوەی کە زۆربەی وڵاتانی جیهان پابەند بن بە بڕیاری (٤٧٨)ی ئەنجومەنی ئاسایش، دەرچوو لە بەرواری (٢٠ ئابی ١٩٨٠) کە داوا دەکات هیچ دەوڵەتێك نێردەی دیبلۆماسی لە قودسی ڕۆژهەڵات دانەمەزرێنێت. هەروەها ئەم سکاڵایە پێگەی یاسایی فەلەستینی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بەهێز کرد و وەك 'کەسایەتییەکی یاسایی' کارا دەریخست کە دەتوانێت لە ڕێگەی دامەزراوە دادوەرییەکانەوە بەرگری لە مافەکانی بکات (علوان، ٢٠٢٤: ص ١٢٥). لەڕوی فقهی یاساییەوە، ئەم دۆسیەیە بووەتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ توێژەران لە تێگەیشتن لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ڤیەننا لە ناوچە جێناکۆکەکاندا (المخلافي، ٢٠٢٤: ص ٨٨).

**لقی دووەم: دۆسیەی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ڕێگریکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید لە کەرتی غەززە (ئەفریقای باشور دژی ئیسرائیل (٢٠٢٣))**

لە باسی دۆسیەکانی ئسیرائیل و فەلەستیندا لە بەردەم دادگای دادی نێودەوڵەتی، سکاڵای ئەفریقای باشور و بڕیارەکانی دادگا لە سەری، لە دۆسیە هەرە گرنگ و کاریگەرەکانن، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، بابەتەکە لە سێ خاڵدا دەخەینەڕوو:

**یەکەم: پێشینەی مێژوویی دۆسیەکە**

ئەفریقای باشور لە (٢٩ کانونی یەکەم ٢٠٢٣) سکاڵایەکی پێشکەش بە دادگای دادی نێودەوڵەتی کرد کە تیایدا ئەوەی خستە ڕوو کە ئیسرائیل وەك دەوڵەتێکی ئەندام لە پەیماننامەی ڕێگریکردن وسزادانی تاوانی جینۆساید (١٩٤٨)، پابەندییەکانی خۆی پێشێل کردووە لە کاتی ئەنجامدانی هەڵمەتە سەربازییەکانی، لە دوای ڕوداوەکانی (٧ی تشرینی یەکەم ٢٠٢٣)، لە کەرتی غەززە (محكمة العدل الدولية، ٢٩ کانونی یەکەم 2023). بنچینەی ئەم دۆسیەیە تەنیا پێکدادانی سەربازی نەبوو، بەڵکو لێدوانە فەرمییەکانی بەرپرسانی ئیسرائیلیش بوو سە بارەت بە 'نیەتی جینۆساید'، لەگەڵ خستنەڕووی داتاکانی برسی کردن و ڕێگریکردن لە هاوکارییە مرۆییەکان بۆ

• **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
• **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12577]
• **Submission Date:** [2/7/2026], **Revised Date:** [5/7/2026], **Accepted Date:** [5/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

لەناوبردنی فەلەستینیەکان (المنظمة الدولية لحقوق الإنسان، ٢٠٢٥: ص١١٠-١٢٥). ئەم هەنگاوە وەرچەرخانێکی مێژوویی تر بوو، چونکە بۆ یەکەمجار بوو ئیسرائیل لەبەردەم دامەزراوەیەکی دادوەری نێودەوڵەتیدا ڕووبەڕووی تۆمەتی تاوانی جینۆساید ببێتەوە.

**دووەم: پوختەی ناوەڕۆکی بڕیارەکەی دادگا**

دادگای دادی نێودەوڵەتی لە (٢٦ کانونی دووەم ٢٠٢٤)دا، یەکەم بڕیاری بەرایی خۆی دەرکرد و ڕایگەیاند کە دەسەڵاتی هەیە لە دۆسیەکە بکۆڵێتەوە و بەڵگەکانی ئەفریقای باشوریشی بۆ گرتنەبەری ڕێکاری کاتی بە قبوڵکراو دانا. دادگا فەرمانی بە ئیسرائیل کرد کە هەموو هەنگاوێك بگرێتەبەر بۆ ڕێگریکردن لە ئەنجامدانی هەر کارێك کە بچێتە چوارچێوەی ڕێگریکردنی پەیماننامەی جینۆساید، لەوانە کوشتنی ئەندامانی گروپێك یان زیان گەیاندنی جەستەیی و دەرونی پێیان (محكمة العدل الدولية، ٢٦ كانونی دووەم 2024: الفقرتان ٥٤، ٨١). لە بڕیارەکانی دواتریشدا، بەتایبەت لە (ئایاری ٢٠٢٤)دا، دادگا فەرمانێکی دەرکرد بۆ ڕاگرتنی دەستبەجێی هێرشە سەربازییەکان بۆ سەر ناوچەی ڕەفەح، بەو پێیەی کە ئەو هێرشانە مەترسی 'نزیك و گەورە' دروست دەکەن بۆ سەر کۆمەڵگەی شارستانی فەلەستینی (محكمة العدل الدولية، ٢٤ أيار 2024: الفقرة ٥٠)، شەیانی ئاماژەدانە کە لە کاتی ئێستادا دادگا بەردەوامە لە مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسیەکە و هێشتا بڕیاری کۆتای تیادا نەداوە.

**سێیەم: کاریگەری بڕیارەکەی دادگا**

ئەم بڕیارانە هاوسەنگییە سیاسی ویاساییەکانیان گۆڕی و ڕێگەیان بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی خۆشکرد تا فەرمانی دەستگیرکردن بۆ سەرۆك وەزیران، بنیامین ناتەنیاهۆ و وەزیری بەرگری، یواڤ گالانت دەربکات، بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی جەنگ و تاوان لە دژی مرۆڤایەتی لە غەززەدا (المدعي العام للمحكمة الجنائية الدولية،٢٠ أيار ٢٠٢٤: الفقرات ١–٩). بە واتایەکی تر 'پێگەی پارێزبەندی' ئیسرائیلی لەبەردەم یاسای نێودەوڵەتیدا شکاند و دەوڵەتانی پشتیوانی، وەك ئەمریکا و ئەوروپای خستە ژێر فشاری یاساییەوە، چونکە بەردەوامی پرچەککردنی ئیسرائیل لە دوای بڕیاری دادگا، دەکرێت وەك 'هاوکاری لە ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید' لێکبدرێتەوە (المنظمة الدولية لحقوق الإنسان، ٢٠٢٤: ص١١٥-١٢٠). ئەم دۆسیەیە بووە هۆی ئەوەی پرسی فەلەستین لە کێشەیەکی ناوخۆیی یان هەرێمییەوە ببێتە دۆسیەیەکی یاسایی نێودەوڵەتی کە تیایدا چەمکی 'لێپرسینەوە' جێگەی 'چارەسەری دیبلۆماسی' بگرێتەوە وفەرمانی دەستگیرکردنی تاوانبارانی ئەم جەنگەش وەك بڕیارێکی بێوێنە و مێژوویی لە پرۆسەی دادوەری جیهانیدا دەمێنێتەوە (الجمعية العامة للأمم المتحدة، ٢٠٢٦: ص٣٤-٤٠).

**لقی سێیەم: دۆسیەی نیکاراگوا دژی کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا (٢٠٢٤)**

ئەم دۆسیەیەش یەکێکی ترە لە دۆسیەکانی دادگای دادی نێودەوڵەتی لەسەر پرسی ئیسرائیل و فەلەستین. ئەگەرچی ئەکتەرەکان جیاوازن، بەڵام ناوەڕۆکی دۆسیەکە لەسەر نایاسابوونی کاروکردەوەکانی ئیسرائیل لە سەر خاکی فەلەستین سەریهەڵداوە.

**یەکەم: پێشینەی مێژوویی دۆسیەکە**

ئەم دۆسیەیە، لەسەر بنچینەی پابەندی دەوڵەتانی جیهان بە ڕێگریکردن و سزادانی تاوانی کۆمەڵکوژی، لەلایەن نیکاراگوا لە دژی کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا، لە بەرواری (١ ئازاری ٢٠٢٤)، لە دادگای دادی نێودەوڵەتیدا تۆمار کرا (محكمة العدل الدولية، ١ آذار ٢٠٢٤). نیکاراگوا لە داواکەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەڵمانیا یەکێکە لە سەرەکیترین دابینکەرانی چەك بۆ ئیسرائیل و بەردەوامی ئەم هەناردەکردنە لە کاتی جەنگی غەززەدا، وەك شکست لە ئەرکی ڕێگریکردن و تەنانەت هاوبەشیکردنی ناڕاستەوخۆ لە تاوانی جینۆسایدا هەژمار دەکرێت. جگە لە لایەنی سەربازی، نیکاراگوا بڕیاری ئەڵمانیای بۆ ڕاگرتنی هاوکارییەکانی 'ئۆنرا' وەك بەڵگەیەکی سکاڵاکەی بەکارهێنا و بانگەشەی کرد کە ئەم هەنگاوە بارودۆخی ژیانی فەلەستینیەکانی تێکداوە و مەترسی لەناوبردنیانی دوو هێندە کردووە (محكمة العدل الدولية، ١ آذار ٢٠٢٤: الفقرات ١٣-١٦).

**دووەم: پوختەی بڕیارەکەی دادگا**

دادگای دادی نێودەوڵەتی، لە بەرواری (٣٠ نیسان ٢٠٢٤)دا، بڕیاری خۆی سەبارەت بە سکاڵای نیکاراگوا بۆ گرتنەبەری ڕێکاری بەرایی دژی ئەڵمانیا دەرکرد و ڕەتی کردەوە فەرمانی ڕاگرتنی دەستبەجێی هەناردەی چەکی ئەڵمانیا بۆ ئیسرائیل دەربکات (محكمة العدل الدولية،٣٠ نیسان 2024: الفقرة ٢٦). دادگا لەم بڕیارەیدا پشتی

به بەڵگەکانی ئەڵمانیا بەست کە تێیدا هاتبوو: بڕی هەناردەی چەکی قورس بۆ ئیسرائیل لە دوای (تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣)، بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمی کردووە و هەناردەکردنەکە تەنیا کەرەستەی مەشق بوونە، بەڵام دادگا لە بڕیارەکەدا جەختیشی کردەوە کە 'ڕێگریکردن لە تاوانی جینۆساید' دەوڵەتان پابەند دەکات بەوەی کە فرۆشتنی چەکەکانیان بە دەوڵەتانی تر نەبێتە هۆی ئەوەی کە چەکەکان لە پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیدا بەکار بهێنرێن (محكمة العدل الدولية، ٩ نيسان 2024: الفقرات ١٨-٢٢). شایانی ئاماژەدانە کە ئەڵمانیا وەك دەوڵەتی سێیەم هێشتا لەبەردەم مەترسیی سزای کۆتاییدایە، ئەگەر بسەلمێنرێت چەکەکان لە تاوانی جینۆساییدا بەکارهێنراون. دەبێت ئەوەش بڵێین کە ئەم بڕیارە تەنیا بڕیارێکی 'بەرایی' بوو لە دۆسیەکەدا و سکاڵا بنچینەییەکە سەبارەت بە لایەنە یاساییەکانی تۆمەتەکە هێشتا بڕیاری کۆتایی لێ نەدراوە.

**سێیەم: کاریگەری بڕیارەکەی دادگا**

بڕیارە بەراییەکەی دادگای دادی نێودەوڵەتی، هەرچەندە هەناردەی چەکی ڕاستەوخۆ ڕانەگرت لە ئەڵمانیاوە بۆ ئیسرائیل، بەڵام کاریگەرییەکی زنجیرەیی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا دروست کرد. ئەم کاریگەریەش ئەوە بوو کە وڵاتانی وەك هۆڵەندا و ئیتاڵیا و ئیسپانیا لەژێر فشاری یاسایی ئەم بڕیارەدا، ڕاگرتنی فرۆشتنی چەکیان بە ئیسرائیل ڕاگەیاند، چونکە بەهۆی بڕیارەکەوە ترسێکی گەورەیان لەلا دروست بوو کە لە داهاتوودا وەك هاوبەش لە تاوانی جینۆساییدا سزا بدرێن (معهد ستوكهلم، ٢٠٢٤: ص ٧٦). هەروەها ئەم دۆسیەیە کاریگەریی هەبوو لەسەر گەڕانەوەی هاوکارییە داراییەکانی ئەڵمانیا بۆ ڕێکخراوی 'ئۆنرا'، وەك نیەت باشی ئەڵمانیا بۆ پاککردنەوەی ناوبانگی خۆی لەبەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا (المفوضية السامية، ٢٠٢٥: ص٣٣٠). لە ڕووی یاساییەوە، کاریگەریی گەورەی ئەم دۆسێیە ئەوە بوو کە پارێزبەندی کۆنی وڵاتانی هەناردەکاری چەکی تێکشکاند وچەمکی 'بەرپرسیارێتی دەوڵەت'ی گەیاندە ئاستێکی کردەیی کە تێیدا هەر دەوڵەتێك دەبێت هەڵسەنگاندنی ورد بۆ هەر گرێبەستێکی سەربازی بکات لە کاتی ململانێ چەکدارییەکاندا (علوان، ٢٠٢٤: ص ١١٥).

## باسی سێیەم: کاریگەری حوکمەکانی دادگای دادی نێودەوڵەتی لەسەر چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین

دادگای دادی نێودەوڵەتی لەڕێگەی ئەو حوکمانەی کە لە دۆسیەی ئیسرائیل و فەلەستیندا دەریکردوون، کاریگەرییەکی گەورەی دروستکردووە لەسەر لایەنەکان لەسەر ئاستی نێودوڵەتی و ناوخۆییدا. لەگەڵ ئەو ڕاستیەشدا، دادگاکە نەیتوانیووە کێشەکە بە تەواوی چارەسەر بکات، بەهۆی کۆمەڵێك بەربەستی یاسایی و سیاسیەوە. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، باسەکەمان دابەش دەکەین بەسەر دوو تەوەردا. لە تەوەری یەکەمدا، باس لە کاریگەری حوکمەکانی دادگا لەسەر پرسی ئیسرائیل و فەلەستین دەکەین، لە تەوەری دووەمدا، بەربەستە کانی بەردەم دادگا لە چارەسەری تەواوەتی پرسەکەدا تاوتوێ دەکەین.

### تەوەری یەکەم: کاریگەری حوکمەکانی دادگای دادی نێودەوڵەتی لەسەر پێگەی نێودەوڵەتی و بارودۆخی ناوخۆیی و دروستکردنی دوو دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ هەردوو لایەن

حوکمەکانی دادگای دادی نێودەوڵەتی کاریگەری گەورەیان دروستکردووە لەسەر سروشت و پێگەی هەریەکە لە ئیسرائیل و فەلەستین و چۆنایەتی و جۆرایەتی پەیوەندی و ڕۆڵیان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، ئەم تەوەرە لەسێ لقدا دەخەینەڕوو. لە لقی یەکەمدا، باس لە کاریگەری حوکمەکانی دادگا دەکەین لەسەر پێگەی نێودەوڵەتی ئیسرائیل و فەلەستین، لە لقی دووەمدا، کاریگەری حوکمەکانی دادگا لەسەر بارودۆخی ناوخۆی ئیسرائیل و فەلەستین دەخەینەڕوو، لە لقی سێیەمیشدا، تاوتوێی کاریگەری حوکمەکانی دادگا لەسەر پلانی چارەسەری دوو دەوڵەتی دەکەین.

#### لقی یەکەم: کاریگەری حوکمەکانی دادگا لەسەر پێگەی نێودەوڵەتی هەردوو لایەن

حوکمەکانی دادگا بوونەتە هۆی دروستکردنی گۆڕانکاری جەوهەری لە پێگە و ناوبانگی هەردوولایەنی ئیسرائیلی و فەلەستینی، هاوکات کاریگەری گەورەیان لەسەر ڕۆڵ و ئاستی پەیوەندی هەریەکێکیشیان داناوە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا. بۆ

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12577]
- **Submission Date:** [2/7/2026], **Revised Date:** [5/7/2026], **Accepted Date:** [5/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

ڕونكردنەوەی زیاتری ئەم لقە، کاریگەری حوکمەکانی داگا لە سەر پێگەی نێودەوڵەتی هەردوولا لە چەند خاڵێکدا دەخەینەڕوو:

**یەکەم: بەهێزکردنی پێگەی یاسایی فەلەستین وەك گەلێکی شایستە بە مافی چارەی خۆنووسین:** دادگا لە بۆچوونە ڕاوێژکاریە بەناوبانگەکەیدا لە ساڵی (٢٠٠٤)، دووپاتیکردەوە کە کەناری ڕۆژئاوا لە ناویشیاندا قودسی ڕۆژهەڵات، لەگەڵ کەرتی غەززە، خاکی داگیرکراوی فەلەستینن، ئەمەش پێگەی فەلەستینی وەك قەوارەیەکی سەربەخۆ لە ژێر دەسەڵاتێکی داگیرکەردا بەهێزتر کرد (محكمة العدل الدولية، 2004: الفقرة ٧٨). بە واتایەکی تر، ئەم بۆچوونە ڕاوێژکارییە مافی چارەی خۆنووسینی گەلی فەلەستین دوپاتکردەوە و جەختیشیکردەوە لەوەی کە دروستکردنی دیوار و فراوانکردنی کۆمەڵگا نیشتەجێبوونەکان دەبن بە بەربەستێکی بنەڕەتی لە گەیشتن بەو مافە کە شایستەی دەستلێهەڵگرتن نیە بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی. هەروەها دادگا جەختی لەسەر سروشتی فەرمانکەری بنەماکانی 'قەدەغەکردنی لکاندنی خاکی گەلێکی تر بە زەبری هێز' و 'پاراستنی هاوڵاتیانی مەدەنی لە کاتی داگیرکاری'دا کردەوە، بەو مانایەی کە سەرپێچیکردنی ئەم بنەمایانە لەلایەن ئیسرائیلەوە پێشێلکارییەکی مەترسیدارە و بەرپرسیاری دەکات بە گوێرەی یاسای نێودەوڵەتی (محكمة العدل الدولية، 2004: الفقرتان ٨٧، ١٥٧). شایانی ئاماژەدانە کە چەند ساڵێك لە دوای دەرکردنی ئەم بۆچوونە ڕاوێژکارییەی دادگا لە ساڵی (٢٠١٢)دا، کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان پێگەی 'دەوڵەتی چاودێری' بە فەلەستین بەخشی لە ناو سیستەمی دامەزراوەی خۆیدا و دوای بۆچوون و دۆسیە یاساییەکانی تریشی لە ساڵانی (٢٠١٨) و(٢٠٢٣) و(٢٠٢٤)دا، پێگەکەی بەرزترکردەوە و ڕێگەیدا بەشداری هەموو دانیشتنەکانی بکات و تەنانەت داواکاریش پێشکەش بکات. ئێستا تەنیا ئەوەی کە فەلەستین نیەتی لە کۆمەڵەی گشتی ئەوەیە کە ناتوانێت دەنگ لەسەر بڕیارەکان بدات و خۆی بۆ ئەندامیەتی دامەزراوە بنچینییەکانی وەك ئەنجومەنی ئاسایش کاندید بکات (الجمعية العامة للأمم المتحدة، ٢٠١٢؛ الجمعية العامة للأمم المتحدة، ١٠ أيار ٢٠٢٤).

**دووەم: سنورداركردنی یاساییبوونی سیاسەت و کردەوەکانی ئیسرائیل لە ناوچە داگیرکراوەکان:** بۆچوونی ڕاوێژکاری دادگای دادی نێودەوڵەتی لە (١٩ تموزی ٢٠٢٤)دا، بووە هۆی گۆڕانکارییەکی گرنگ لە هەڵسەنگاندنی یاسایی ناکۆکی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین، لەبەرئەوەی دادگا جەختی کردەوە کە هەبوونی ئیسرائیل لە خاکە داگیرکراوەکاندا، ڕاستییەکی سەپێنراوە بە ئامانجی لکاندنی ئەو خاکانە بە خاکەکەی خۆی (محكمة العدل الدولية، ١٩ تموزی 2024: الفقرتان ١٧٣، ٢٦١). ئەم حوکمە بە تەواوی ڕەوایەتی لە کارەکانی ئیسرائیل بۆ دروستکردنی کۆمەڵگا نیشتەجێکانی داماڵی و دوپاتی کردەوە کە ئیسرائیل بەرنامەیەکی جیاکاریی دامەزراوەیی لە کەناری ڕۆژاوا و قودس جێبەجێدەکات (محكمة العدل الدولية، ١٩ تموزی 2024: الفقرات ٢٢٣-٢٢٩). هاوکات، دادگا تێڕوانینی جیهانی لەسەر غەززە گۆڕی و بەبیری هێنایەوە کە ئەم شارە ناوچەیەکی داگیرکراوە و دەبێت ئیسرائیل پاشەکشەی لێبکات و قەرەبووی زیانەکانیش بکاتەوە (محكمة العدل الدولية، ١٩ تموزی 2024: الفقرات ٢٦٨-٢٧١). ئەم بڕیارە بە کردەیی توانای ئیسرائیلی بۆ بەکارهێنانی بیانووی 'ئاسایشی نیشتمانی' وەك پاساوێك بۆ پێشێلکارییە نێودەوڵەتییەکان پوچەڵ کردەوە (مهران، ٢٠٢٤: ص ٤٨). سەرباری ئەمەش دۆسیەی نیکاراگوا دژی دەوڵەتی ئەڵمانیا وەرچەرخانێکی مێژوویی لە 'پابەندیی بۆ هەمووان' دروستکرد، چونکە نیکاراگوا تەنها داوای پاراستنی فەلەستینی نەکرد، بەڵکو جەختی لەسەر ئەرکی ئەڵمانیا کردەوە بەپێی پەیماننامەی جینۆساید، کە دەبێت ڕێگری لە بوونی هەر هاوکارییەك بکرێت کە دەبێتە هۆی ئاسانکاری بۆ ئەنجامدانی جینۆساید (محكمة العدل الدولية، ١ آذار 2024: الفقرات ٢٥-٣٠). هاوتەریب لەگەڵ ئەمە، دۆسیەی فەلەستین دژی ئەمریکاش جەخت لەسەر پاراستنی یەکپارچەیی خاکی داگیرکراو دەکاتەوە، ئەم داوایە دەیسەلمێنێت کە دانپێدانان بە قودس وەك پایتەختی هێزی داگیرکەر یان گواستنەوەی نێردە دیبلۆماسییەکان بۆی، پێشێلکردنی بنەمای 'قەدەغەکردنی دەستبەسەرداگرتنی خاکە بە زەبری هێز' (محكمة العدل الدولية، 2018: الفقرات ١٠-١٥). ئەم جوڵە یاساییانە بەیەکەوە کار بۆ پوچەڵکردنەوەی هەر هەوڵێکی نێودەوڵەتی دەکەن کە ڕەوایەتی بدات بە گۆڕینی ڕاستی دیمۆگرافی و جوگرافی لە

کەناری ڕۆژاوا و قودس و بەرپرسیارێتیی یاسایی دەخەنە سەر شانی هەر دەوڵەتێك کە بەشداربێت لە درێژکردنەوەی تەمەنی داگیرکارییەکەدا (مهران، ٢٠٢٤: ص ٦٠-٦٤).

**سێیەم: بەرپرسیارگرتنی تاوانکاری دەسەڵاتدارانی ئیسرائیل لەلایەن دادگای تاوانی نێودەوڵەتی:** ئەگەرچی هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەخۆیی دامەزراوەیی و کارگێری لە نێوان دادگای دادی نێودەوڵەتی و دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدا نییە، بەڵام حوکمەکانیان کاریگەرییان هەیە لەسەر هەنگاو و کارکردنی یەکتر، ئەمەش لەبەرئەوەی کە هەردوو دادگا نوێنەرایەتی دادپەروەری جیهانی دەکەن لە سکاڵا و داوا شارستانییەکان و تاوانکارییەکاندا (النظام الأساسي لمحكمة العدل الدولية، ١٩٤٥: المادة ١؛ النظام الأساسي للمحكمة الجنائية الدولية، ١٩٩٨: المادة ١). هەنگاوەکانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە (ئایاری ٢٠٢٤)دا، بە داوای فەرمی داواکاری گشتی دادگا، کەریم خان بۆ دادگای ناوبراو دەستپێکرد بۆ دەستپێکردنی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی جەنگ و تاوان لە دژی مرۆڤایەتی، لە دوای ڕووداوەکانی (٧ تشرینی یەکەم ٢٠٢٣) و هەڵمەتی سەربازی ئیسرائیل لە کەرتی غەززە. کەریم خان داوای دەستگیرکردنی هەر یەکە لە سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل، بنیامین نەتەنیاهۆ و وەزیری بەرگری، یۆاڤ گالانت پێشکەشکرد (الأمم المتحدة، ٢٠ أيار ٢٠٢٤). ئەم هەنگاوە نەك تەنیا پێگەی دادوەریی فەلەستین وەك دەوڵەتێکی ئەندام لە (ڕێکەوتننامەی ڕۆما) بەهێزتر کرد، بەڵکو ئەرکێکی یاساییشی خستە سەر شانی هەموو ئەو دەوڵەتانەی ئەندامن لە دادگاکە کە پابەند بن بە دەستگیرکردنی تۆمەتباران لە ئەگەری سەردانیکردنی خاکەکەیان، لە پێناو چەسپاندنی دادپەروەریی نێودەوڵەتی و نەهێشتنی پارێزبەندی یاسایی (النظام الأساسي للمحكمة الجنائية الدولية، ١٩٩٨: المادتان ٨٦، ٨٩).

**لقی دووەم: کاریگەری حوکمەکانی دادگا لەسەر دۆخی ناوخۆی ئیسرائیل و فەلەستین**

حوکمەکانی دادگای دادی نێودەوڵەتی بە شێوازی جیاواز کاریگەری لەسەر دۆخی ناوخۆی هەریەك لە ئیسرائیل و فەلەستین دروستکردووە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی سروشتی پەیڕەوی سیاسی و چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و یاسایی هەریەکەیانە. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری بابەتەکە، کاریگەری حوکمەکانی دادگا لەسەر بارودۆخی ناوخۆیی هەردوولا لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو:

**یەکەم: کاریگەری حوکمەکانی دادگا لەسەر دۆخی ناوخۆی ئیسرائیل:** حوکمەکانی دادگا جەمسەرگیرییەکی قووڵیان لە ناوخۆی ئیسرائیلدا دروست کردووە. ناوەندە فەرمییەکان و ڕەوتە ڕاستڕەوەکان ئەم بڕیارانە وەك دەستێوەردانی سیاسی دەبینن و سەروەریی نیشتمانی دەخەنە سەرووی هەموو پابەندبوونە نێودەوڵەتییەکانەوە (القاسم، ٢٠٠٤: ص ١٨). لە بەرامبەریشدا، دەسەڵاتی دادوەری، بە تایبەت دادگای باڵای ئیسرائیل، ئەم بڕیارانەی وەك پێشینەیەکی گرنگی دادوەری نێودەوڵەتی دەبینێت (القاسم، ٢٠٠٤: ص١٩). هاوکات بەشێك لە دەستەبژێرە سیاسی و ئابوورییەکانیش لە لیبرالیستەکان ترسیان هەیە کە پشتگوێخستنی بڕیارەکانی دادگای دادی نێودەوڵەتی ببێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (سرية، ٢٠١٠: ص ٣٨٧). ئەم نیگەرانیانە بۆ بواری ئاسایشیش درێژدەبنەوە، چونکە تێکچوونی پەیوەندییەکان دەتوانێت مەودای هەڵمەتە سەربازییەکان بەرتەسك بکاتەوە و ئیسرائیل بخاتە ژێر گەمارۆی داهاتووەوە (حمّودة، ٢٠١٨: ص٨٢). سەرەڕای نیگەرانیی دەستەبژێرەکان، بڕیاری سیاسی لە ئیسرائیل زیاتر ملکەچی بەرژەوەندییە نەتەوەیی و ئاسایشییەکانە، نەك تەنیا پێوەرە یاساییە نێودەوڵەتییەکان (القاسم، ٢٠٠٤: ص ١٩).

**دووەم: کاریگەری حوکمەکانی دادگا لەسەر دۆخی ناوخۆی فەلەستین:** لە ناوخۆی فەلەستیندا، ئەم حوکمانە وەك پاڵپشتییەکی گەورەی یاسایی و ڕەوشتی و سیاسی کاردەکەن. حوکمەکان پێگەی سەرکردایەتی فەلەستینیان بەهێزتر کردووە، هاوکات بنەمایەکی یاسایی پتەویان بۆ ڕەخساندوون تا لە هەوڵەکانیاندا لە دژی سیاسەتی بەردەوامی داگیرکاری و سەرکوتکردنی ئیسرائیل پشتیان پێ ببەستن (الدراوي، ٢٠١٥: ص٢٣٢). لە ئاستی جەماوەریشدا، ئەم حوکمانە متمانەی گشتییان بە دۆزەکەیان زیاد کردووە و خەڵکی فەلەستین وەك ئامرازێکی خەبات و بەرخۆدانی سیاسی سەیری یاسا نێودەوڵەتییەکان دەکەن (الخصاونة، ٢٠٠٤: ص٥٢).

**لقی سێیەم: کاریگەری حوکمەکانی دادگا لەسەر دروستبوونی دوو دەوڵەتی سەربەخۆ**

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12577]
- **Submission Date:** [2/7/2026], **Revised Date:** [5/7/2026], **Accepted Date:** [5/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

حوكمەكانی دادگای دادی نێودەوڵەتی گۆڕانكارییەكی بەرچاویان لە گۆڕینی ناكۆكی فەلەستین و ئیسرائیل لە كایەی سیاسییەوە بۆ كایەی یاسایی هێناوەتە ئاراوە، هەر لە چوارچێوەی ئەم گۆرانكاریەدا، چارەسەری پرسی دوو دەوڵەت، وەك چارەسەرییەكی كاریگەر و ڕیشەیی بۆ ناكۆكییەكە، بەردەوام لە ڕۆژەڤدا ماوەتەوە. بۆ ڕونكردنەوەی زیاتری بابەتەكە، لە دوو خاڵدا، سەرنج دەخەینە سەر لقەكە.

**یەكەم: كاریگەری حوكمەكانی دادگا لەسەر دروستكردنی قەوارەی سەربەخۆی فەلەستین:** حوكمەكانی دادگای دادی نێودەوڵەتی بە گشتی بنچینەیەكی یاسایی پتەویان بۆ 'مافی چارەی خۆنووسین'ی گەلی فەلەستین وەك مافێكی جێگیر و هەنوكەیی دروستكردووە، كە چیتر ئەم باسە وەك بابەتێكی جێی مشتومڕ و پاشكۆی دانوستانە سیاسیەكان سەیر نەكرێت (محكمة العدل الدولية، 2004: الفقرات ١١٨-١٢٢؛ محكمة العدل الدولية، ١٩تموزی ٢٠٢٤: الفقرات ٢٣٠-٢٤٣). دادگا بە ناساندنی داگیركاری ئیسرائیل وەك سیستمێكی نایاسایی و پوچەڵكردنەوەی هەموو ئەو ڕێكارە كارگێری و یاساییانەی كە ئەم دەوڵەتە لە خاكە داگیركراوەكاندا گرتوونیەتە بەر، ڕێگەی خۆشكرد بۆ گۆڕینی پێگەی قەوارەی فەلەستینی لە 'دەسەڵاتێكی كارگێری سنووردار'ەوە بۆ 'دەوڵەتێكی خاوەن سەروەریی' لەسەر سنوورەكانی (١٩٦٧)دا (محكمة العدل الدولية، ١٩تموزی ٢٠٢٤: الفقرات ٢٦٣-٢٦٧؛ القاسم، ٢٠٢٤: ص١٠-٢٥). ئەم حوكمانە هاوكات ڕەوایەتییان بە دامەزراوە نیشتمانییەكانی فەلەستین بەخشی وەك نوێنەری یاسایی فەلەستینیەكان ڕەفتار بكەن، ئەمەش هانی وڵاتانی سێیەمی دا كە چیتر چاوەڕێی ئەنجامی 'پرۆسەی ئاشتی' نەكەن وبە شێوەیەكی تاكلایەنە دان بە دەوڵەتی فەلەستیندا بنێن. لەژێر كاریگەری ئەو حوكمانەدا، فەلەستین ئێستا دەتوانێت وەك قەوارەیەكی دانپێدانراوی سەربەخۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكانی ئەنجام بدات و بچێتە ناو ڕێككەوتننامە نێودەوڵەتییەكانیشەوە (محكمة العدل الدولية، ١٩تموزی ٢٠٢٤: الفقرات ٢٧٣-٢٨٠). بە واتایەكی تر، حوكمەكانی دادگا بوونەتە نەخشە ڕێگایەكی یاسایی بۆ كۆتاییهێنان بە 'دۆخی بێدەوڵەتی' و چەسپاندنی قەوارەی فەلەستین وەك ئەندامێك لە كۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا.

**دووەم: كاریگەری حوكمەكانی دادگا لەسەر قەوارەی ئیسرائیل و سنورە جوگرافیەكەی:** حوكمەكانی دادگا كاریگەرییان دروستكرد لەسەر هەڵوەشاندنەوەی تەواوی ئەو گۆڕانكارییە دیمۆگرافی وجوگرافی و كارگێڕیانەی كە ئیسرائیل لە دوای ساڵی (١٩٦٧)ەوە بە مەبەستی چەسپاندنی هەژموونی داگیركاری خۆی ئەنجامی دابوون. دادگا بە ڕوونی جەختی كردەوە كە ئیسرائیل وەك 'هێزێكی داگیركەر' پابەندە بە كشانەوەی بێ مەرج و دەستبەجێ لە تەواوی خاكە داگیركراوەكان، لەوانەش قودسی ڕۆژهەڵات وكەرتی غەززە، هاوكات هەڵوەشاندنەوەی هەموو كۆمەڵگە نیشتەجێبووەكان و گێڕانەوەی خاك و موڵك و ماڵی زەوتكراو بۆ خاوەنە ڕەسەنەكان (محكمة العدل الدولية، ١٩تموزی ٢٠٢٤: الفقرات ٢٦٧- ٢٧٣). بەگوێرەی دادگا، سنووری جوگرافی ڕەوای ئیسرائیل لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە تەنیا لە چوارچێوەی ڕێكەوتنامەی ئارمیستیس و تا 'هێڵی سەوز' درێژ دەبێتەوە كە لە ساڵی (١٩٤٩)ەوە كێشراوە. ئەم سنووردارکردنە جوگرافیەی ئیسرائیل لێكەوتەیەكی یاسایی قووڵە، چونكە دادگا بە ڕاشكاوی ڕایگەیاندووە كە 'پێویستیە ئاسایشییەكان' ناتوانن ببنە پاساو بۆ درێژكردنەوەی داگیركاری یان گۆڕینی سنوورەكان بە زەبری هێز (محكمة العدل الدولية، 2004: الفقرات ٧١-٧٢؛ محكمة العدل الدولية، ١٩ تموزی ٢٠٢٤: الفقرة ١٧٦). ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت كە هەموو ئەو ناوچانەی ئیسرائیل وەك 'ناوچەی ئاسایشی' یان 'نیشتەجێبوون' لكاندبوونی بەخۆیەوە، لە ڕووی یاساییەوە دوبارە وەك بەشێك لە خاكی فەلەستین ناسراونەوە و هەر جۆرە چالاكییەكی ئابووری یان كارگێڕی ئیسرائیل تێیاندا وەك 'تاوانی جەنگ' هەژمار كراوە (محكمة العدل الدولية، ١٩ تموزی ٢٠٢٤: الفقرات ١٢٤-١٣٣، ٢٦٧-٢٧٢).

**تەوەری دووەم: بەربەستە یاساییەكان كە ڕووبەڕووی دادگای دادی نێودەوڵەتی دەبنەوە لە گەیشتن بە یەكلاكردنەوەی ناكۆكی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین**

ئەگەرچی دادگای دادی نێودەوڵەتی كاریگەرترین میكانیزمی دادوەری نێودەوڵەتییە، بەڵام كۆمەڵێك بەربەستی یاسایی تەكنیكی و بابەتی و هاوكات بەربەستی سیاسی هەیە كە وادەكات یەكلاكردنەوەی دۆسیەی كێشە نێودەوڵەتیەكان هەمیشە ئاسان و تەواو نەبێت لەبەردەمیدا. بۆ ڕوونكردنەوەی زیاتری بابەتەكە،

تەوەرەکە دابەش دەکەین بەسەر سێ لقدا: لە لقی یەکەمدا، باس لە بەربەستە یاساییە ڕێکاریەکان دەکەین، لە لقی دووەمدا، بەربەستە یاساییە بابەتیەکان دەخەینەڕوو، لە لقی سێیەمیشدا، بەربەستە سیاسیەکانی بەردەم دادگا تاوتوێ دەکەین.

**لقی یەکەم: بەربەستە یاساییە ڕێکاریەکان**

دادگای دادی نێودەوڵەتی خاوەنی کۆمەڵێك ڕێکاری تایبەتە بۆ بینینی دۆسیەکان کە لە ئەگەری بەربەستکردنیاندا، دادگا تووشی کێشەی تەکنیکی دەبێت. لەو چوارچێوەیەدا، دۆسیەی ئیسرائیل و فەلەستین ڕووبەڕووی چەندین بەربەستی ڕێکاری بۆتەوە کە گەیشتن بە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە ئاڵۆز دەکەن، گرنگترین ئەو بەربەستە ڕێکاریانەش ئەمانەن کە لە خوارەوە بە چەند خاڵێك ئاماژەیان پێدەکەین:

**یەکەم: دامەزراندنی دەسەڵاتی دادوەری دادگا:** دادگای دادی نێودەوڵەتی دەسەڵاتی دادوەری پابەندکەری بەسەر هەموو ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا نییە، بەڵکو دەسەڵاتی دادگا لە دۆسیە ناکۆکەکاندا بەندە بە قبوڵکردنی ئارەزوومەندانەی دەوڵەتان (النظام الأساسي لمحكمة العدل الدولية، ١٩٤٥: المادة ٣٦). ئیسرائیل یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە دان بە دەسەڵاتی دادگادا نانێت لە پرسەکانی پەیوەندیدار بە فەلەستینەوە، ئەمەش وادەکات دادگا لە بینینی ڕاستەوخۆی دۆسیەکانی پەیوەست بە پرسەکە بێ توانا بێت. ئەم بێ تواناییەش لە دەرئەنجامدا، ئامرازەکانی لێپرسینەوە ئاڵۆز دەکات، بۆیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پەنا دەباتە بەر بۆچوونی ڕاوێژکاری لە ڕێگەی کۆمەڵەی گشتی یان ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە (الرشيدي، ٢٠١١: ص ٥٣٨).

**دووەم: پێگەی لایەنە ناکۆکەکان:** دادگای دادی نێودەوڵەتی دەسەڵاتی دادوەری تەنیا بەسەر 'دەوڵەتانی خاوەن سەروەری'دا هەیە. بە واتایەکی تر، پێگەی 'دەوڵەت' مەرجێکی پێشوەختەیە بۆ تۆمارکردنی دۆسیە لەبەردەم دادگادا، ئەم مەرجەش بەربەست بووە لەبەردەم فەلەستیندا بۆ ماوەیەکی درێژ (النظام الأساسي لمحكمة العدل الدولية، ١٩٤٥: المادة ٣٥). ئەگەرچی لە ساڵی (٢٠١٢)ەوە، فەلەستین وەك دەوڵەتی چاودێری ئائەندام ناسێنراوە و لە ساڵی (٢٠٢٤)ەوە، پێگەکەی بۆتە دەوڵەتی شایستە بۆ ئەندامیەتی تەواو لە دەزگاکە، بەڵام ئەم پێگەیە هێشتا لێهاتوویی یاسایی تەواوی پێ نابەخشێت بۆ گرتنەبەری ڕێکاری ڕاستەوخۆ وەك دەوڵەتانی تر، بەتایبەت کاتێك ئیسرائیل ڕەزامەند نەبێت لەسەر قبوڵکردنی دەسەڵاتی دادگا (سلیمان، ٢٠١٣: ص ٤٣).

**سێیەم: سروشتی ناپابەندکەری بۆچوونە ڕاوێژکارییەکان:** بەهۆی ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی دادگا لەلایەن ئیسرائیل و کێشەی پێگەی فەلەستین، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بە تایبەتیش ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە ناچاری پەنای بۆ بۆچوونی ڕاوێژکاری دادگا بردووە. ئەم بۆچوونانە بۆ ڕوونکردنەوەی دۆخی یاساییین و لە ڕووی تەکنیکییەوە پابەندکەر نین بۆ دەوڵەتان، ئەگەرچی قورسایی ڕەوشتی و یاسایی بەرچاویشیان هەیە (النظام الأساسي لمحكمة العدل الدولية، ١٩٤٥: المادة ٦٥؛ آدم، ٢٠٠٣: ص١٣٧). لە دۆسیەی دیواری جیاکەرەوەدا (٢٠٠٤)، دادگا دروستکردنی دیوارەکەی بە پێشێلکاری ناساند و داوای ڕوخاندن و قەرەبوو کردنەوەی زیانەکانی کرد، بەڵام ئیسرائیل، بەهۆی سروشتی ناپابەندکەری حوکمەکە و پشتیوانی هەندێك دەوڵەتی زلهێز، پشتگوێی خست (حمد، ٢٠٠٦: ص١١٨). شایانی باسکردنە کە ئەم هەڵوێستەی ئیسرائیل لە بۆچوونە ڕاوێژکاریەکانی تری دادگاشدا بەدیدەکرێت.

**چوارەم: درێژیی و ئاڵۆزی ڕێوشوێنەکان:** ڕێکارەکانی دادگا زۆر خاو و ئاڵۆزن، پێویستیان بە چەندین ساڵ هەیە بۆ پێشکەشکردنی پارێزنامە و دادبینی زارەکی. ئەم هێواشییە، هەرچەندە بۆ وردبینی پێویستە، بەڵام بەربەستە لەبەردەم دۆسیە بەپەلەکاندا (آدم، ٢٠٠٣: ص ١٣٩). ئیسرائیل ئەم ماوە درێژخایەنە دەقۆزێتەوە بۆ چەسپاندنی ڕاستینەی نوێ لە ڕێگەی فراوانکردنی کۆمەڵگە نیشتەجێبوونەکان و سنووردارکردنی ئازادی فەلەستینیەکان (علوان، ٢٠٠٦: ص ٤٥). کاتێك بڕیارەکە دەردەچێت، زۆرجار بەهۆی گۆڕانی بارودۆخەکەوە، کاریگەریە کرداریەکەی کەم دەبێتەوە، ئەمەش کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی خۆپارێزیی دەستبەجێ، بێبەش دەکات.

**پێنجەم: کێشەی جێبەجێنەکردنی فەرمان و بڕیارەکان:** بە گوێرەی ماددەی (٩٤)، بڕگەی (٢)ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەوڵەتان دەبێت پابەند بن بە بڕیارەکانی دادگا، خۆ ئەگەر پابەند نەبن، لایەنی بەرامبەر دەتوانێت پەنا بباتە بەر ئەنجومەنی ئاسایش بۆ جێبەجێکردنیان. لە پرسی فەلەستیندا، جێبەجێکردنی بڕیارەکان

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12577]
- **Submission Date:** [2/7/2026], **Revised Date:** [5/7/2026], **Accepted Date:** [5/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

ڕووبەڕووی بەربەستی گەورە دەبنەوە، چونکە ئەنجومەنی ئاسایش لەژێر کاریگەری دەستەڵاتی ڤیتۆ و بەرژەوەندیە سیاسیەکاندا، زۆرجار ناتوانێت ڕێوشوێنی کردەیی بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگا بگرێتەبەر. ئەمەش وا دەکات هێزی یاسایی بڕیارەکان لە بەرامبەر ویستی سیاسی دەوڵەتە داگیرکەر و زلهێزەکاندا لاواز بێت (بوجلال، ٢٠١٩: ص ١١٧-١٤٠).

**لقی دووەم: بەربەستە یاساییە بابەتییەکان**

ئەم بەربەستانە پەیوەستن بە خودی ئەو بنەما وچوارچێوانەی یاسای نێودەوڵەتییان لەسەر دامەزراوە. ناکۆکی نێوان فەلەستین وئیسرائیل بەهۆی تایبەتمەندی ئێتنیکی و جوگرافی و کلتورییەوە، زۆرجار تێکگیران لەنێوان بنەماکانی یاسای نێودەڵەتیدا دروست دەکات، بەجۆرێك کە دادگا لە نێوان چەندین بنەمای یاسایی ناکۆکدا پێویستە بڕیار بدات. بۆ تێگەیشتنی زیاتر، بابەتەکە لە سێ خاڵدا دەخەینەڕوو:

**یەکەم: بنەمای سەروەریی و ئاسایشی دەوڵەت:** ئیسرائیل لە هەڵمەتە سەربازیەکان و ڕێ وشوێنە یاسایی و کارگێرییەکانی لە سەر خاکی فەلەستیندا بیانووی سەروەری و ئاسایش بەکاردێنێت. ئەم دەوڵەتە بانگەشەی ئەوە دەکات کە ڕەگوڕیشەی جولەکەکان لەسەر ئەو خاکانە دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەها ساڵ لەمەوبەر، تەنانەت هەتا پێش ساڵی (١٩٦٧)، فەلەستین دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری نەبووە، بەڵکو لەژێر حوکمی بەڕێوەبردنی ئوردن و میسردا بووە، بۆیە ئەم خاکانە 'داگیرکراو' نین، بەڵکو خاکی 'جێناکۆك'ن لە ناوچەکەدا (القاسم، ٢٠٠٤: ص ١٨؛ الخصاونة، ٢٠٠٤: ص ٥٢)، لەسەر ئەو بنەمایە دەوڵەت مافی خۆیەتی کە ڕێ و شوێنی یاسایی و کارگێری بگرێتەبەر بۆ گێڕانەوەیان بۆ ناو سەروەری دەوڵەتی ئیسرائیل. هاوکات دەوڵەت بانگەشەی ئەوە دەکات کە گروپە فەلەستینیەکان زیان بە ئاسایشی دەوڵەت و سەلامەتی هاوڵاتیانی ئیسرائیلی دەگەیەنن لە ڕێگەی چالاکییە شارستانی و سەربازییەکانیان لەسەر ئەو خاکانە، بۆیە هەوڵەکانیان وەك توندوتیژی و تیرۆر پێناسە دەکات و خۆی بە شایستە دەزانێت بۆ گرتنەبەری ڕێ و شوێنی ئاسایشی (Amnesty International: 2004). ئەگەرچی دادگا لە بۆچوونی ڕاوێژکاری ساڵی (٢٠٠٤)دا، وڵامی بانگەشەی ئیسرائیلی دایەوە کە ئەو ڕاستییە کارگێرییەی هەبووە پێش ساڵی (١٩٦٧) لەسەر خاکی فەلەستیندا، فەلەستینیەکان بێبەری ناکات لە شایستەبونیان بە مافی چارەی خۆنوسین (محكمة العدل الدولية، ٩ تموزی ٢٠٠٤: الفقرات ٧٠-٧٨)، بەڵام هێشتا دادگا نەیتوانیووە لکاندنی کرداری فەلەستین بە ئیسرائیل لە ڕێگەی دروستکردنی کۆمەڵگا جولەکەنشینەکان و دیواری جیاکەرەوە بە بیانووی پاراستنی سەروەری مێژوویی و ئاسایشی دەوڵەت لابەرێت. ئەمەش لەبەر ئەوەی کە هەر هەنگاوێکی دادگا لەو بارەیەوە دژیەکی دروست دەکات لە نێوان مافی چارەی خۆنوسینی فەلەستینیەکان و مافی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ پاراستنی سەروەری وئاسایش کە شکاندنی لە ئەمڕۆی یاسای نێودەوڵەتیدا ئاسان نییە (القاسم، ٢٠٢١: ص٢١٤).

**دووەم: ئاڵۆزی کرداری مافی چارەی خۆنوسین:** ئەگەرچی هەبوونی مافی چارەی خۆنوسین و شایستەیی گەلان بۆ پیادەکردنی ئەو مافە لەڕۆژی ئەمڕۆدا گفتوگۆ هەڵناگرێت، بەڵام جێبەجێکردنی ئەم مافە لە ڕاستی کردەیدا زۆر ئاڵۆزە (Khdir, 2014: 57-59 p.). لە پرسی فەلەستیندا، هەندێك وردەکاری هەیە کە بوونەتە کێشە لەبەردەم پرۆسەی چارەسەریدا؛ مافی چارەی خۆنووسین پێویستی بە 'گەلێکی یەکگرتوو' و'خاکێکی یەکگرتوو' هەیە (Khdir, 2014: p. 38)، بەڵام گەلی فەلەستین بەهۆی مێژووی ململانێکەوە دابەش بووە بۆ دانیشتوانی کەرتی غەززە و کەناری خۆرئاوا، پەنابەرانی دەرەوە، فەلەستینیەکانی ناو ئیسرائیل، هاوکات خاکەکەشیان بووتە کۆمەڵێك کانتونی لێك دابڕاو. بەر لە هەرشتێك دەبێت دیاری بکرێت کە کێ لەو فەلەستینیانە، شایستەیە بە مافەکە؟ ئەگەر هەموو فەلەستینیەکان لە سەر تەواوی خاکی مێژووی فەلەستین بە شایستە بزانین بەو مافە، ئەوا دادگا دەچێتە ناو ململانێیەکی مێژوویی و یاسایی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل (منصور، ٢٠١٨: ص١٥٦)، ئەگەر مەبەست لە فەلەستینیەکانی کەرتی غەززە وکەناری خۆرئاوا بێت وەك گەلی شایستە بەو مافە، ئەوە دەکەوینە بەردەم چارەسەری یەکگرتنەوەی هەردوو ناوچەکە و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ڕێ وشوێنە یاسایی و کارگێرییەکانی ئیسرائیل لەو خاکانەدا و دانان بە دوو دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ هەریەکە لە ئیسرائیل و فەلەستین. خۆ ئەگەر گەلی شایستە بەو مافە، فەلەستینیەکانی دانیشتووی ناو دەوڵەتی ئیسرائیل بێت، ئەوە دەکەوینە بەردەم چارەسەری مافی چارەی خۆنوسینی ناوخۆیی لە شێوەی فەراهەمکردنی مافە بەکۆمەڵەکان بۆ کەمینەی عەرەبی لە ئیسرائیل (القاسم، ٢٠٢٤:

ص٢٢؛ الخصاونة، ٢٠٠٤: ص٦٢). بە واتایەکی تر، دادگا وردەکاریی سەبارەت بە شێوەی پیادەکردنی کرداری مافی چارەی خۆنوسین و سنورە جوگرافییەکانی پیادەکردنی مافەکە بە تەواوەتی، کەمە،کە ئەمەش وەك هۆکارێك کاریگەر بووە لەوەی کە چارەسەری تەواوەتی پرسەکە نەگاتە ئەنجام هەتا ئێستا.

**سێیەم: دەستنیشانکردنی سروشتی یاسایی ناکۆکیەکە:** یەکێکی تر لە بەربەستە بابەتییەکانی بەردەم چارەسەری پرسی ئیسرائیل و فەلەستین بریتییەلە ئاڵۆزی سروشتی یاسایی کێشەکە. ناکۆکی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین تێکەڵەیەکە لە 'داگیرکارییەکی درێژخایەن' کە گۆڕاوە بۆ 'لکاندنی کرداری خاك'، لەگەڵ پێشێلکاری سیستماتیکی مافەکانی مرۆڤ و لە کۆتاییشدا ئەنجامدانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان (القاسم، ٢٠٢٤: ص ٢٥). بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی، داگیرکاری دۆخێکی کاتییە و نابێت ببێتە هۆی گۆڕینی سەروەری خاك، بەڵام داگیرکاری ئیسرائیل نزیکەی (٨٠) ساڵە بەردەوامی هەیە و ئەم داگیرکارییەش لە کۆتایدا بووەتەهۆی گۆڕینی جوگرافیا و دیمۆگرافیای خاکی فەلەستین. ئەم دۆخەش وەك دەرئەنجام، پێشێلکاری ماف و ئازادییەکانی گەلی فەلەستینی بەدوای خۆیدا هێناوە (محكمة العدل الدولية، ٢٠٠٤: الفقرة ١٣٤؛ محكمة العدل الدولية، ١٩ تموزی ٢٠٢٤: الفقرات ١١٥- ٢٧١). بەهۆی ئەوەش کە گەلی فەلەستین بەرەنگاری سیاسەتی ئیسرائیلی کردووە بە شێوازی شارستانی و سەربازی، ئیسرائیل هەوڵی سەرکوتکردنی داون و لە دەرئەنجامی ئەم سەرکوتکردنەش، کۆمەڵێك تاوانی نێودەوڵەتی ڕوویانداوە، لەوانە: تاوانەکانی جەنگ و تاوان لە دژی مرۆڤایەتی و تەنانەت تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی جینۆسایدیش لە ئارادایە، لە بەردەم داداگای دادی نێودەوڵەتیدا (المدعي العام للمحكمة الجنائية الدولية،٢٠ آيار ٢٠٢٤: ص١–٩؛ محكمة العدل الدولية، ٢٩ کانونی یەکەمی 202٣). بەم جۆرە دەبینین کە پرسەکە زیاد لە ڕەهەندێکی یاسایی هەیە و ئەم ئاڵۆزیەش لە سروشتی پرسەکەدا، وایکردووە کە دادگا نەتوانێت تەنیا لە گۆشە نیگایەکەوە و لە ژێر حوکمی کۆمەڵێك ڕێسای دیاریکراودا مامەڵە لەگەڵ پرسەکەدا بکات، بەڵکو ناچارە پەنا بۆ ڕێسای جیاواز و پاساوی جیاوز بەرێت لە دەرکردنی حوکمەکانیدا.

**لقی سێیەم: بەربەستە سیاسیەکانی بەردەم دادگا لە پرسی ئیسرائیل و فەلەستیندا**

هاوکات لەگەڵ بەربەستە یاساییە ڕێکاری و بابەتیەکان، دادگای دادی نێودەوڵەتی گیرۆدەی کۆمەڵێك بەربەستی سیاسی و ئایدۆلۆژیشە لە پێگەکەیدا کە ناتوانێت لە چوارچێوەیەکی یاساییدا ڕێکخستنیان بکات و تێیان بپەڕێنێت. لە گرنگترین ئەو بەربەستانەش:

**یەکەم: دابەشبوونی جیهان بەسەر دوو بەرەی جیاوازدا:** جیهان لە پرسی فەلەستیندا بەسەر دوو بەرەدا دابەشبووە: بەرەی ڕۆژئاوا (ئەمریکا، بەریتانیا، ئەڵمانیا و فەرەنسا) کە بانگەشە دەکەن دادگا نابێت دەستوەردان لە کێشەیەکدا بکات کە دەبێت لەسەر مێزی دانوستان یەکلای بکرێتەوە (زريق، ١٩٩٩: ص١٠٤). لە بەرامبەردا، بەرەی باشووری جیهان (ئەفریقای باشوور، چین، بەرازیل و دەوڵەتانی ئیسلامی)، دادگا وەك تاکە ناوەند بۆ ڕووبەڕو بوونەوەی هێز دەبینن (أيوب، ٢٠١٦: ص ١٢١). ئەم جەمسەرگیرییە تەنیا لە ئاستی سیاسیدا نەماوەتەوە، بەڵکو گۆڕاوە بۆ قەیرانێکی قوڵی ڕەوایەتی لە ناو خودی سیستمەکەدا لەڕۆژی ئەمڕۆدا، ئەمەش لەبەرئەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا جۆرێك لە جیاکاریان بۆ ئیسرائیل فەراهەم کردووە (الوهاب، ٢٠٢٤: ص١١٤)، لە بەرامبەردا، وڵاتانی باشوور جەخت دەکەنەوە کە بڕیارەکانی ساڵی (٢٠٢٤) و (٢٠٢٥)ی دادگا، حوکمی یاسایین لەسەر بەرپرسیاریەتی دەوڵەتانی سێیەم بۆ کۆتاییهێنان بە هاوکارییەکان لەگەڵ ئیسرائیل (مهران، ٢٠٢٤: ص٥٨).

**دووەم: ئەنجوومەنی ئاسایش و کێشەی دەسەڵاتی ڤیتۆ:** دەکرێت بڵێین ئەم بەربەستە سیاسیە بەهێزترین بەربەستە کە جێبەجێکردنی بڕیارە یاساییەکانی دادگا پەك دەخات، چونکە بەپێی ماددەی (٩٤)، بڕگەی (٢) لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، دادگا بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی پشت بە 'ئامرازی ناچارکردن' دەبەستێت کە ئەویش لە دەستی ئەنجوومەنی ئاسایشدایە. کێشە سەرەکیەکە لە پرسی فەلەستیندا ئەوەیە کە ئەمریکا مافی ڤیتۆی هەیە لە ئەنجومەنی ئاسایش، هەرکاتێك دەوڵەتان بیانەوێت بڕیاری دادگا بکەنە بڕیارێکی پابەندکەر و جێبەجێی بکەن بەسەر ئیسرائیلدا، ئەمریکا ئەو دەستەڵاتە بەکاردەهێنێت و ڕێگری لە دەرکردنی پرۆژە بڕیارەکەی ئەنجومەن


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12577]
- **Submission Date:** [2/7/2026], **Revised Date:** [5/7/2026], **Accepted Date:** [5/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

و جێبەجێکردنی بڕیارەکەی دادگا دەگرێت (Octaviansyah, 2024: p. 63-72).

**سێیەم: بەرژەوەندی سیاسی و دوو پێوەری لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا:** ئەم دیاردەیە بریتییە لەوەی کە کاتێك بەرژەوەندی زلهێزەکان لەگەڵ جێبەجێکردنی بنەما و ڕێسا یاساییەکاندایە، یاسایی نێودەوڵەتی ڕۆڵی گەورە و ئەرێنی دەگێڕێت، هەرکاتێکیش یاساکە لە دژی بەرژەوەندیە سیاسیەکانیاندا بوو، ئەوە پێشلکاری یاساکە دەبێتە ئەجێندا و ستراتیژی کار (زریق، ١٩٩٩: ص١٠٩). نموونەی هەرە دیار لەو ڕوانگەیەوە، بەراوردکردنی مامەڵەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوایە لە نێوان دۆسیەی ئۆکرانیا و فەلەستیندا. لە کاتێکدا ئەم دەوڵەتانە پێشوازییان لە بڕیارەکانی دادگای دادی نێودەوڵەتی کرد لە دژی ڕووسیا، بەڵام لە دۆسیەی سکاڵاکەی باشووری ئەفریقا دژ بە ئیسرائیل لە ساڵی (٢٠٢٤)دا، زۆربەیان سکاڵاکەیان بە بێ بنەما وەسف کرد (Finaud, 2024: p. 27-46).

## کۆتایی

لە کۆتای ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە چەند دەرئەنجام و ڕاسپاردەیەك کە لە دووتوێی چەند خاڵێکدا دەیانخەینەڕوو:

### 8.دەرئەنجامەکان

١. دادگای دادی نێودەوڵەتی وەك دەزگایەکی دادوەری شارستانی، لە ناو سیستەمی کارگێڕی و ڕێکخراوەیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی (١٩٤٥)دا، دامەزراوە. دادگا دوو جۆر حوکم دەردەکات: بڕیاری پابەندکەر لە دۆسیەی ناکۆکییەکاندا و هاوکات بۆچوونی ڕاوێژکاری لەسەر پرسە یاساییە ئاڵۆزەکان.

٢. پرسی ئیسرائیل و فەلەستین ناکۆکییەکی مێژوویی درێژخایەنە و بە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل گەیشتۆتە لوتکە. ئەم پرسە لە ڕێگەی دەرکردنی سێ بۆچوونی ڕاوێژکاری و سێ دۆسیەی دادوەرییەوە لەلایەن دادگای دادی نێودەوڵەتییەوە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە.

٣. دادگای دادی نێودەوڵەتی لە حوکمەکانیدا لەسەر پرسی ئیسرائیل و فەلەستین چوار ئەنجامی خستۆتەڕوو: ناساندنی هەبوونی ئیسرائیل لەسەر خاکی فەلەستیندا وەك داگیرکاری، هەژمارکردنی کردەوەکانی وەك پێشێلکاری بنەما یاساییەکان، کۆتایهێنان بە پارێزبەندی ئیسرائیل و دانان بە فەلەستین وەك کیانێکی خاوەن کەسایەتی نێودەوڵەتی.

٤. ئەم بڕیارانە بوونەتەهۆی پتەوبوونی یەکریزی نیشتیمانی لەناوخۆی فەلەستیندا و لە ناوخۆی ئیسرائیلیشدا، دابەشبوونی سیاسیان دروستکردووە. هاوکات لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیشدا، ئەم بڕیارانە هاوکار بوونە لە ناساندنی پێگەی فەلەستین وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ئیسرائیلیشیان ڕووبەڕووی پەراوێزخستن کردۆتەوە.

٥. سەرەڕای گێڕانی ڕۆڵێکی زۆر گرنگ، دادگا بەدەست کۆمەڵێك بەربەستی یاسایی ڕێکاریی و بابەتی و هاوکات چەند بەربەستێکی سیاسییەوە گیرۆدەیە و ئەو بەربەستانەش ڕێگرن لەوەی کە دادگا ببێتە ئامرازێکی یەکلاکەرەوە لە پرسی ئیسرائیل-فەلەستیندا.

٦. بەربەستە ڕێکارییەکان بریتین لە: نەبوونی دەسەڵاتی دادوەریی ناچارکەر، سنووردارێی ئەکتەرکانی بەردەم دادگا تەنیا لە دەوڵەتاندا، ناپەبەندکاریی بۆچوونە ڕاوێژکارییەکان و درێژیی پرۆسەی دادبینی.

٧. بەربەستە بابەتییەکان بریتین لە بەریەککەوتنی بنەماکانی 'سەروەری و بەرگری ڕەوا' کە ئیسرائیل بانگەشەیان بۆ دەکات، لەگەڵ بنەمای 'مافی چارەی خۆنووسین' کە فەلەستینییەکان جەختی لێ دەکەنەوە.

٨. بەربەستە سیاسییەکان کاریگەرترینیانن، کە خۆیان لە دابەشبوونی ئایدۆلۆژی جیهان و بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ لەلایەن زلهێزەکانەوە (وەك ئەمریکا)، هەروەها بەرژەوەندی سیاسی و دووپێوەری لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا دەبینێنەوە.

### 9.ڕاسپاردەکان

١. پێویستە چاکسازی لە سیستەمی ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بکرێت و ڕۆڵ و دەستەڵاتی زیاتر بە دەزگاکانی بدرێت، لەوانە دادگای دادی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی کە بتوانن کاریگەری زیاتر نیشانبدەن لە چارەسەرکردنی کیشەکانی ئەمرۆی جیهاندا.

٢. پێویستە پەیڕەوی ناوخۆی دادگای دادی نێودەوڵەتی هەموار بکرێتەوە، بەجۆرێك کە تیایدا ڕێگە بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیە حکومی و ناحکومیەکان بدرێت سکاڵا تۆمار بکەن، تاوەکو ئەو گەلانەی خاوەن دەوڵەت نین، نوێنەرایەتی بکرێن و نەبنە قوربانی.

٣. پێویستە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی زیاتر پەنا بۆ دادگای دادی نێودەوڵەتی بەرێت وەك میکانیزمێکی کارا بۆ چارەسەری ناکۆکییەکان، نەك تەنیا پشت بە ئامرازە دیبلۆماسی و هەوڵی ڕێکخراوەکان ببەستێت.

٤. پێویستە فەڵەستینییەکان زیاتر پەیرەوی خەباتی شارستانی بکەن و لە توندوتیژی دوربکەونەوە، بۆ ئەوەی باشتر ئامانجە نەتەوەییەکانیان و دانپێدانانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەدەستبهێنن.

٥. پێویستە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بگاتە تێگەیشتنێکی تەواوتر کە بنەمای 'مافەکانی مرۆڤ' بخاتە سەرووی بنەمای 'سەروەری و یەکێتی خاك'، بە جۆرێك کە چیتر ڕێگری لە پێشێلکارییە مرۆییەکان وەك دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتان سەیر نەکرێت، بەڵکو وەك بەرپرسیارێتی بە کۆمەڵ بۆ گێڕانەوەی ئاشتی و دادپەروەری جیهانی بناسێنرێت.

## 10.سەرچاوەکان

**یەکەم: کتابەکان**


1. آدم، عز الدين الطيب (٢٠٠٣). اختصاص محكمة العدل الدولية في النزاعات الدولية ومشكلة الرقابة على قرارات مجلس الأمن، الطبعة الأولى، بغداد: دار الكتب والوثائق.
2. حمد، ميساء مروان صبحي (2006). الآثار القانونية لفتوى محكمة العدل الدولية بخصوص جدار الفصل العنصري، رسالة ماجستير، جامعة النجاح الوطنية.
3. حمّودة، سميح (٢٠١٨). أثر الرأي الاستشاري لمحكمة العدل الدولية في مكانة إسرائيل الدولية. سياسات عربية.
4. حميد، علي فرحان (٢٠٢١). مساهمة محكمة العدل الدولية في تفعيل دور الامم المتحدة. الطبعة الأولى. الإسكندرية: دار الجامعة الجديدة.
5. الدرواي، إبراهيم (٢٠١٥). المنظمات الدولية والقضية الفلسطينية. الطبعة الأولى. بيروت: دار النهضة العربية.
6. زريق، ريف (١٩٩٩). الأرض والمخطط الهيكلي: سياسات التخطيط الإسرائيلية تجاه المواطنين العرب، القدس: مؤسسة الدراسات الفلسطينية.
7. سرية، كريم (٢٠١٠). القانون الدولي والقضية الفلسطينية. بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية.
8. سليمان، إبراهيم (٢٠١٣). إختصاص محكمة العدل الدولية بتفسير المعاهدات. الطبعة الأولى، بغداد: مكتبة الشبكة العربية.
9. شندي، أحمد (٢٠٢١). المحاكم الدولية: دراسة في فلسفة القانون الدولي والقضاء الجنائي والمدني. الطبعة الأولى. الإسكندرية: دار الفكر الجامعي.
10. عامر، صلاح الدين (٢٠٠٥). القانون الدولي العام. الطبعة الرابعة. القاهرة: دار النهضة العربية.
11. عامر، صلاح الدين (٢٠٠٧). مقدمة لدراسة القانون الدولي العام، القاهرة: دار النهضة العربية.
12. عبد الوهاب، عصمت (٢٠٢٤). المحاكم الدولية والسياسات العالمية: دراسة في تسييس القانون الدولي. القاهرة: دار الفكر الجامعي.
13. عبو، عبدالله علي (٢٠٠٥). المنظمات الدولية. الطبعة الأولى. عمان: دار الحامد للنشر والتوزيع.
14. عبو، عبدالله علي (٢٠١٥). القانون الدولي العام. دهوك: مكتبة البدرخانية.
15. علوان، محمد يوسف (٢٠٢٤). القانون الدولي العام: المصادر والمسؤولية. الطبعة الأولى. عمان: دار الوائل للنشر.
16. القاسم، أنيس (٢٠٢١). فلسطين والقانون الدولي: دراسات في الحقوق والسيادة. بيروت: مؤسسة الدراسات الفلسطينية.
17. القاسمي، فيصل (٢٠١٨). المسؤولية الدولية في ضوء أحكام محكمة العدل الدولية. الطبعة الأولى. القاهرة: دار النهضة العربية.
18. المالكي، هادي نعيم (٢٠١٢). المنظمات الدولية، الطبعة الأولى، بغداد: مكتبة السيسبان.
19. المجذوب، محمد (٢٠٢٠). القانون الدولي العام: تطور القضاء الدولي والمحاكم الإدارية. الطبعة الأولى. بيروت: منشورات الحلبي الحقوقية.
20. المخلافي، عبد العزيز (٢٠٢٤). القدس في القانون الدولي. الطبعة الأولى. بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية.
21. منصور، محمد خيري (٢٠١٨). المحاكم الدولية ودورها في تسوية المنازعات: دراسة تطبيقية على النزاع الفلسطيني الإسرائيلي. القاهرة: دار النهضة العربية.



- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12577]
- **Submission Date:** [2/7/2026], **Revised Date:** [5/7/2026], **Accepted Date:** [5/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

**دووەم: توێژینەوە عەرەبییەکان**


22. أيوب، نزار (٢٠١٦). 'إسرائيل والقانون الدولي: سياسة التحلل من الالتزامات والشرعية الدولية'. المجلة العربية للعلوم السياسية، العدد ٥٠، ص٨٩-١١٤.
23. بوجلال، مريم (٢٠١٩). 'إلزامية قرارات محكمة العدل الدولية'. مجلة القانون العقاري، المجلد ٧، العدد ١، ص٣٨٧-٤٠٥.
24. حمد، ميساء مروان صبحي (٢٠٠٦). 'الآثار القانونية لفتوى جدار الفصل العنصري'. رسالة ماجستير.
25. الخصاونة، عون (2004). الرأي الاستشاري لمحكمة العدل الدولية بشأن الجدار الفاصل: نظرة فاحصة، مجلة الدراسات الفلسطينية، المجلد 15، العدد 59، ص: 40-65.
26. الخفاجي، علاء شنان (٢٠١٤). دور المعاهدات الدولية في استقرار العلاقات الدولية، رسالة ماجستير، كلية القانون، جامعة بابل.
27. الطائي، عادل أحمد (٢٠١٨). 'ولاية محكمة العدل الدولية وتطبيقاتها'. مجلة الرافدين للحقوق، المجلد ٢٠، العدد ٦٥، ٥٠-٨٤.
28. علوان، محمد يوسف (٢٠٠٦). 'الولاية القضائية لمحكمة العدل الدولية'. المجلة العربية للعلوم السياسية، ص٧-٣٤.
29. فؤاد، نضال محمد (٢٠٢٤). 'المسؤولية الجنائية الدولية'. مجلة الحقوق، العدد ٤، ص١١٢-١٥٨.
30. القاسم، أنيس فوزي (2004). 'الرأي الاستشاري لمحكمة العدل الدولية حول الجدار الفاصل: قراءة في الأبعاد القانونية والسياسية'، مجلة الدراسات الفلسطينية، المجلد 15، العدد 59، ص 15-30.
31. القاسم، أنيس فوزي (2024). 'التحول من سلطة إدارية إلى تجسيد الدولة: قراءة في رأي محكمة العدل الدولية لعام 2024'، مجلة الدراسات الفلسطينية، المجلد 35، العدد 139، ص 10-25.
32. القحطاني، خالد بن محمد (٢٠٢٠). 'مبدأ العدالة والإنصاف كمصدر للقانون الدولي العام'، المجلة العربية للعلوم ونشر الأبحاث، المجلد ٤، العدد ١١، ص ٨٥-١٠٢.
33. مهران، محمد محمود (٢٠٢٤). 'أبعاد فتوى محكمة العدل الدولية بشأن الاحتلال الإسرائيلي: حق تقرير المصير مقابل التذرع بالاحتياجات الأمنية'، المجلة الدولية للقانون، المجلد ١٣، العدد ٣.


**سێیەم: توێژینەوە ئینگلیزیەکان**


34. Finaud, M. (2024). ‘Comparing the Ukraine and the Gaza Wars: The Force of Law and the Law of Force’. *Survival*, 66(3), pp: 27–46.
35. Octaviansyah, N.G. (2024) ‘The Impact of Veto Power on the Enforcement of International Law: A Case Study of the Israeli-Palestinian Conflict’, *Consensus: Jurnal Ilmu Hukum*, 3(2), pp: 63–72.
36. Rebaz Khdir (2016). ‘The Right to Self-Defence in International Law as a Justification for Crossing Borders: The Turkey-PKK Case within the Borders of Iraq.’ *Russian Law Journal*, 4 (4), pp: 62–80.
37. Rebaz Khdir (2023). ‘The Kurdish Armed Struggle in Turkey and the Scope of International Law.’ *Journal of Raparin University*, 10 (3), pp: 680–712.
38. Rebaz R. Khdir (2014). *The Right to Self-Determination in International Law: The Case of the Kurds in the Middle East*. Master's Thesis, Institute of International Relations Taras Shevchenko National University of Kyiv.


**چوارەم: بەڵگەنامە نیودەوڵەتییەکان**


39. اتفاقية لاهاي (١٨٩٩). اتفاقية التسوية السلمية للمنازعات الدولية (لاهاي الأولى).
40. الأمم المتحدة (١٩٤٥). ميثاق الأمم المتحدة.
41. الأمم المتحدة (١٩٤٨). اتفاقية منع جريمة الإبادة الجماعية والمعاقبة عليها.
42. الأمم المتحدة (١٩٦٦). العهد الدولي الخاص بالحقوق الاقتصادية والاجتماعية والثقافية.
43. الأمم المتحدة (١٩٦٦). العهد الدولي الخاص بالحقوق المدنية والسياسية.
44. عصبة الأمم (١٩١٩). عهد عصبة الأمم، ضمن اتفاقية باريس للسلام.
45. المحكمة الجنائية الدولية (١٩٩٨). النظام الأساسي للمحكمة الجنائية الدولية (نظام روما الأساسي).

46. محكمة العدل الدولية (١٩٤٥). النظام الأساسي لمحكمة العدل الدولية.

**پێنجەم: حوكمەكانى دادگا نێودەوڵەتییەكان**

47. سجلات محكمة العدل الدولية (٩ نيسان ٢٠٢٤ ). المرافعات الشفهية لجمهورية ألمانيا الاتحادية في قضية التدابير المؤقتة، الوثيقة رقم(CR 2024/16).

48. محكمة العدل الدولية (١ آذار/مارس ٢٠٢٤). الانتهاكات المزعومة لالتزامات دولية معينة فيما يتعلق بالأرض الفلسطينية المحتلة (نيكاراغوا ضد ألمانيا)، طلب إقامة دعوى.

49. محكمة العدل الدولية (١٩ تموزى ٢٠٢٤). الآثار القانونية الناشئة عن سياسات إسرائيل وممارساتها في الأرض الفلسطينية المحتلة بما فيها القدس الشرقية.

58. محكمة العدل الدولية (٢٠١٢). تقرير محكمة العدل الدولية (٢٠١١-٢٠١٢)، نيويورك: الأمم المتحدة.

59. محكمة العدل الدولية (٢٠١٨). بدء الإجراءات بشأن نقل سفارة الولايات المتحدة إلى القدس، (والأوامر اللاحقة ٢٠١٩، ٢٠٢٤).

60. محكمة العدل الدولية (٢٠٢٤). سجلات المحكمة، المرافعات الشفهية لألمانيا.

61. محكمة العدل الدولية (٢٠٢٤). قرار المحكمة بشأن الهجوم العسكري على رفح، ٢٠٢٤.

50. محكمة العدل الدولية (2025). الآثار القانونية لأنشطة وكالة الأمم المتحدة لإغاثة وتشغيل اللاجئين الفلسطينيين (الأونروا) ووكالات الأمم المتحدة الأخرى في الأرض الفلسطينية المحتلة، الرأي الاستشاري.

51. محكمة العدل الدولية (24 أيار 2024). تطبيق اتفاقية منع جريمة الإبادة الجماعية والمعاقبة عليها في قطاع غزة (جنوب أفريقيا ضد إسرائيل): طلب تعديل الأمر الصادر في 28 آذار/مارس 2024.

52. محكمة العدل الدولية (٢٦ كانون الثاني ٢٠٢٤). تطبيق اتفاقية منع جريمة الإبادة الجماعية والمعاقبة عليها في قطاع غزة (جنوب أفريقيا ضد إسرائيل): أمر التدابير المؤقتة.

53. محكمة العدل الدولية (٢٩ كانون الأول ٢٠٢٣). طلب افتتاح الدعوى وطلب الإشارة إلى التدابير المؤقتة في قضية تطبيق اتفاقية منع جريمة الإبادة الجماعية والمعاقبة عليها في قطاع غزة (جنوب أفريقيا ضد إسرائيل).

54. محكمة العدل الدولية (٣٠ نيسان 2024). الادعاءات المتعلقة بانتهاك بعض الالتزامات الدولية فيما يتعلق بالأرض الفلسطينية المحتلة (نيكاراغوا ضد ألمانيا).

55. محكمة العدل الدولية (٩ تموز 2004). الآثار القانونية لتشييد جدار في الأرض الفلسطينية المحتلة، رأي استشاري.

56. المدعي العام للمحكمة الجنائية الدولية (٢٠ أيار ٢٠٢٤). بيان كريم خان بشأن طلبات إصدار أوامر القبض في الحالة في دولة فلسطين.

**شەشەم: پرۆژە بڕیارەكانى نەتەوەیەكگرتووەكان**

57. الأمم المتحدة (٢٠ أيار ٢٠٢٤). المدعي العام للمحكمة الجنائية الدولية يطلب إصدار أوامر اعتقال بحق قادة من إسرائيل وحماس. أخبار الأمم المتحدة.

58. الجمعية العامة للأمم المتحدة (٢٠١٢). وضع فلسطين في الأمم المتحدة، القرار رقم A/RES/67/19 .

59. الجمعية العامة للأمم المتحدة (٢٠٢٦). تداعيات ملاحقة القادة الإسرائيليين دولياً بموجب اتفاقية ١٩٤٨، الوثيقة رقم A/RES/81 .

60. الجمعية العامة للأمم المتحدة (30 كانون الأول 2022). القرار رقم 247/77: طلب رأي استشاري من محكمة العدل الدولية بشأن الآثار القانونية الناشئة عن سياسات إسرائيل وممارساتها في الأرض الفلسطينية المحتلة.

61. الجمعية العامة للأمم المتحدة (٨ كانون الأول 1949). القرار رقم 302(IV) .

62. الجمعية العامة للأمم المتحدة (كانون الاول 2003). القرار رقم ES-10/14: طلب رأي استشاري من محكمة العدل الدولية بشأن الآثار القانونية لتشييد جدار في الأرض الفلسطينية المحتلة.

63. الجمعية العامة للأمم المتحدة (١٠ أيار/مايو ٢٠٢٤). قبول أعضاء جدد في الأمم المتحدة: حالة دولة فلسطين، القرار رقم A/RES/ES-10/23.

**حەوتەم: ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەكان بە زمانى عەرەبى**

64. معهد ستوكهولم الدولي لأبحاث السلا م (٢٠٢٤). تجارة الأسلحة العالمية والنزاعات الإقليمية. ستوكهولم: معهد ستوكهولم الدولي لأبحاث السلام.



- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12577]
- **Submission Date:** [2/7/2026], **Revised Date:** [5/7/2026], **Accepted Date:** [5/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

65. المفوضية السامية لحقوق الإنسان (2025). الأثر القانوني لتجويع المدنيين في النزاعات المسلحة. جنيف: المفوضية السامية لحقوق الإنسان.

66. المنظمة الدولية لحقوق الإنسان (٢٠٢٥). الأثر القانوني لقرارات محكمة العدل الدولية على النزاع في غزة. جنيف: تقارير حقوقية.

**هەشتەم: ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان بە زمانی ئینگلیزی**

67. Amnesty International (2004). *Israel and the Occupied Territories: The Place of the Fence/Wall in International Law*. Available at: [UNISPAL PDF] (Accessed: 9 May 2026).

68. Amnesty International (2023). *Damning Evidence of War Crimes as Israeli Attacks Wipe Out Entire Families in Gaza*. Available at: https://www.amnesty.org (Accessed: 9 May 2026).

69. Human Rights Watch (2023). *Israel: Starvation Used as Weapon of War in Gaza*. Available at: https://www.hrw.org/news/2023/12/18/israel-starvation-used-weapon-war-gaza (Accessed: 9 May 2026).

70. John Geddie and Yoshifumi Takemoto (2 April 2024). "Japan Lifts Funding Suspension for Palestinian Refugee Agency UNRWA." Reuters. Available at: Japan resumes funding to embattled Palestinian refugee agency UNRWA | Reuters (Accessed: 14 July 2026).

71. UNRWA (2024). *Independent Review of Mechanisms and Procedures to Ensure Adherence by UNRWA to the Humanitarian Principle of Neutrality*. Available at: UNRWA PDF Report (Accessed: 9 May 2026).

**تأثير محكمة العدل الدولية في تسوية النزاع الإسرائيلي و الفلسطيني: دراسة تحليلية في ضوء التحديات القانونية والسياسية**

**الملخص**

تُعدّ محكمة العدل الدولية إحدى الأجهزة الرئيسية ضمن النظام التنظيمي و الوظيفي للأمم المتحدة، وتُعدّ آلية سلمية تؤدي دوراً مهماً في تسوية المنازعات الدولية. ومن أبرز المنازعات التي تعاملت معها المحكمة النزاع الإسرائيلي و الفلسطيني. وقد اعتمدت المحكمة عدة أحكام بشأن هذه القضية، من بينها ثلاثة آراء استشارية صدرت في أعوام (2004) و(2024) و(2025)، كما تنظر حالياً في ثلاث قضايا ترافعية ذات صلة أُحيلت إليها في أعوام (2018) و(2023) و(2024).وفي أحكامها، أقرت المحكمة بصورة عامة بأن فلسطين تُعدّ إقليماً محتلاً وفقاً لقواعد القانون الدولي الإنساني، كما اعتبرت أن معظم التدابير التي اتخذتها إسرائيل في تلك الأراضي تُعدّ غير مشروعة، ولا سيما تلك المتعلقة بالتغييرات الديموغرافية وإنشاء المستوطنات اليهودية. وقد امتد أثر أحكام المحكمة إلى الاعتراف بفلسطين دولةً مستقلةً من قبل العديد من الدول، والأهم من ذلك قبولها دولةً مراقبةً في الجمعية العامة للأمم المتحدة .ومع ذلك، ظل أثر أحكام المحكمة محدوداً من الناحية العملية بسبب غياب آلية تنفيذ فعّالة لإجبار إسرائيل على الامتثال لقرارات المحكمة، إضافةً إلى وجود عدد من التحديات الإجرائية والموضوعية والسياسية. ومن بين هذه التحديات القيود المفروضة على سلطة المحكمة في تلقي القضايا الترافعية والنظر فيها، والتعارض بين بعض مبادئ القانون الدولي، مثل مبدأ السيادة ومبدأ حق تقرير المصير، فضلاً عن استخدام حق النقض (الفيتو) ومسألة ازدواجية المعايير بين الدول.

**الكلمات المفتاحية:** محكمة العدل الدولية، النزاع الدولي، القضية الإسرائيلية–الفلسطينية، مبدأ السيادة والسلامة الإقليمية، حق تقرير المصير، أحكام محكمة العدل الدولية، الهيمنة السياسية (حق النقض/الفيتو).

# The Impact of the International Court of Justice on the Settlement of the Israeli-Palestinian Dispute: An Analytical Study in Light of Legal and Political Challenges

**Abstract**

The International Court of Justice is one of the primary organs within the organizational and operational system of the United Nations. The Court is referred to as a peaceful mechanism and plays a significant role in settling international disputes. One of the major disputes that the Court has dealt with is the Israeli-Palestinian dispute. The Court has adopted several rulings on this issue including three advisory opinions in 2004, 2024 and 2025, and is currently in the process of dealing with three related contentious cases received in 2018, 2023, and 2024. In its rulings, the Court has generally recognized Palestine as an occupied territory under international humanitarian law. It has further recognized most of Israel's measures taken in those territories as unlawful, especially those related to demographic changes and the establishment of Jewish settlements. The impact of the Court's rulings has extended further to the recognition of Palestine as an independent state by many states and, most importantly as an observer state by the United Nations General Assembly. However, the impact of the Court's rulings has been limited in practice due to the lack of an effective enforcement mechanism to force Israel to comply with the Court's decisions and the existence of a number of legal procedural and objective challenges along with several political obstacles. Among the challenges are the limitation on the power of the Court in receiving and dealing with contentious cases, the contradiction between some principles of international law, such as the principle of sovereignty and the principle of self-determination, the use of veto power and the issue of political interest and double standards among states.

**Keywords**: International Court of Justice, international dispute, Israeli-Palestinian issue, principle of sovereignty and territorial integrity, right to self-determination, international Court of Justice rulings, political hegemony (veto power).


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12577]
- **Submission Date:** [2/7/2026], **Revised Date:** [5/7/2026], **Accepted Date:** [5/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]